




# بەشێک لە دیمانەو چاوپێکەوتنەکانی

## هاوڕێ دیاکۆ دانا

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- عەبدوڵلا حەسەنزادە: میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفراندۆمێکی هەبوو.................. ٣

٢- ئازاد محەممەدیانی: شۆڕشی ژینا لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی مەزنە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا.......... ٩

٣- محەممەدنەزیف قادری: ئامانجی شۆڕشی ژینا ڕزگاری لە چنگ دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵە.............................................................................. ١٥

٤- حیسام دەستپیش: مەنشووری جۆرجتاون لەڕاستیدا ساتوسەودایەکی زۆر ناشیانە بوو لەگەڵ شۆڕشی ژینا........... ٢٠

٥- دوکتور ئیدریس ئەحمەدی: کورد دەبێ سەبری ستراتیژیکی هەبێ، هەڵەی سیاسی دووپات نەکاتەوە و پراگماتیستانە سیاسەت بکا................................................................................................ ٢٧

٦- ڕزگار ئەمیننژاد: ماهییەت و کارکردی حیزبی دێموکرات، سەروەریی سیاسی و مافی نەتەوایەتییە................. ٣١

٧- دوکتور بابان ئەلیاسی: شۆڕشی ژینا لەلایەک هەیمەنەی کۆماری ئیسلامیی شکاند و لەلایەکی تر پێگەی خەڵکی ئێرانی لە بەرانبەر ڕێژیمدا بەهێزتر کرد.......................................................................... ٤٣





سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمە بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفڕاندۆمێکی هەبوو



### ئاماژە:

**ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ڕۆژێکی هەرە مێژووییە لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی. لەودا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سێ دەیە لە تێکۆشانی نهێنیی ئەو حیزبە ڕاگەیاندرا. ئەگەر ٣٢ ساڵ پێش ئەو ڕۆژە لە چوارچرای مەهاباد نەمر قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکرات لە میتینگێکی هەزاران کەسیدا گوتاری سیاسیی کوردی بە گوێی هەمووان دادا و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، ئەمجارەیان دیسان هەر لە مەهاباد، ئەوە شەهید د. قاسملوو بوو لە میتینگێکی زیاتر لە سەت هەزار کەسیدا و لە مانیفێستێکی سیاسیدا دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند.**

**"کوردستان" بۆ تیشک خستنەسەر بایەخی مێژوویی میتینگەکەی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گوتاری سیاسیی حیزب لەو ڕۆژەدا، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، خەباتکاری لەمێژینە و سیاسەتمەداری کورد کە یەکێک لە ڕێکخەران و وتاربێژانی ئەو میتینگەش بووە، پێک‌هێناوە:**

**دیاکۆ دانا: بەڕێز مامۆستا ١١ ڕەشەممەی ئەمساڵ ٤٤ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ئاشکرای چالاکیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێپەڕ دەبێ. ئامانجی حیزب لەو میتینگە چ بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لەپێشدا سڵاو بۆ ئێوە و خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. پیرۆز بێ یادی ڕووداوی مێژوویی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ کە بەهەق سەرەتایەک بوو بۆ زۆر پێشهاتی گەورەی مێژوویی لە کوردستانی خۆشەویست. بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم:

پێکهێنانی ئەم میتینگە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئامانجی دیکە لە پشتەوەی ئەو ڕاگەیاندنە هەبوون. پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات ڕاستە قەت لە خەبات نەوەستابوو، بەڵام زیاتر لە سی ساڵ بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا حزووری نەبوو. بەبێ شک بە نەبوونی وەسائیلی تەبلیغاتی - ئەوەی کە ئێستا لە دەستماندا هەیە -، تاریکاییەک بەسەر سیاسەتەکان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا کشابوو. ئەو وەخت کەسانێکی زۆر کەم لە خەڵکی کوردستان دەیانتوانی لەگەڵ حیزبەکە پێوەندییان هەبێ و، بیروبۆچوونەکانی حیزب بزانن. بۆیە پێویست بوو لە ڕۆژێکی وادا حیزب جارێکی دیکە خۆی بناسێنێتەوە و، بە خەڵک بڵێ ئەمن چیم. شتێکی دیکە دەتوانم بڵێم: هەڵسەنگاندنی قووەت بوو. حیزبی دێموکرات دەیەویست و دەبوو خۆی تاقی بکاتەوە کە بایی چەندە. خۆ تەنیا تاریخ کافی نییە. کورد دەڵێ: ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە؛ دەبوو بزانین ئەمڕۆ چەندین.

ئامانجێکی دیکە نیشاندانی مەوقعییەتی حیزبی دێموکرات نەک هەر بە کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە دۆستانیشمان بوو. لەبیرمان نەچێ دەوروبەری دوو حەوتوو پێش ئەو ڕۆژە، هێندێ کەس داوایان کردبوو دوکتور قاسملوو لە دیداری نێوان نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزی دەر بکرێ، چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانە! کە هەر لەوێدا دوکتۆر گوتبووی: «هەر بۆیە دەبێ لێرە بم چونکی ئەندامی حیزبی دێموکراتم؛ ئێوە نازانن حیزبی دێموکرات چییە.» دەبوو بە هەمووان نیشان بدەین، حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی چین، نفووزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا چۆنە. هەر لەو کاتەدا هەدەفێکی دیکە ئەوە بوو کە خەڵک دەعوەت بکرێ بە هاوپێوەندی: هاوپێوەندی لەنێو خۆیاندا و هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان. دەعوەت لە هێزە سیاسییەکان بکرێ هەموویان چ کوردستانی چ ئێرانی - ئەو وەختی هێزی سیاسیی کوردستانیمان لە واقیعدا بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو و وردە سازمان هەبوون غەیری حیزبی دێموکرات، چونکی تەنانەت کۆمەڵەش بەو شێوەیە کە ئێستا هەیە، دوو مانگ یان زیاتر لە دوو مانگ لە دوای ئەو وەختە ئیعلانی مەوجوودیەتی کرد-، دەمانەویست لە ڕۆژێکی ئاوادا و بەئاشکرا دەعوەت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بکەین کە ئەو سیاسەتەی سیستمی پاشایەتی لە ماوەی لانیکەم ئەو پەنجا ساڵی دواییدا گرتوویەتە پێش، وەلا بنێ و یەکێک لە

ڕیشەدارترین موشکلاتی کۆمەڵی ئێران کە مەسەلەی نەتەوایەتی و بەتایبەتی مەسەلەی کوردە چارەسەر بکا. پێمان وابوو ئەگەر ئێمە داوای موجەوویزی تێکۆشانی ئاشکرا لە کۆماری ئیسلامی بکەین، ڕەنگە بە چەند مانگ و تەنانەت چەند ساڵ جواب وەربگرینەوە و دووریش نەبوو جوابەکەمان مەنفی بێ و پێمان بڵێن نەخێر نابێ. بەڵام لێکمان دایەوە ئەگەر ئێمە ئێستا ئیعلانی خەباتی ئاشکرا بکەین لە هەلومەرجی ئەوڕۆژەدا ڕێژیمێک کە تازە هاتۆتە سەر کار و، بە شوعاری خەڵکی دەستی بە کار کردووە؛ بەئاسانی ناتوانێ لە دژی بوەستێ. بۆیە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئێمە ناومان لێ نەنا «ڕاگەیاندنی خەباتی قانوونیی حیزبی دێموکرات»، ناومان لێنا «خەباتی ئاشکرا». یەعنی بێ منەت لە دەوڵەت؛ ئەوە بە حەقێکی قانوونیی خۆمان دەزانین و کەلکیشی لێوەردەگرین.

**دیاکۆ دانا ئەم ڕووداوە لەوکاتدا چ کاریگەرییەکی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەمڕۆش دانا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: میتینگی ١١ی ڕەشەمە لە کاتی خۆیدا بۆ حیزبی دێموکرات حوکمی ڕێفراندۆمێکی هەبوو. چونکە بەڕاستی نیشانی دا کە ئەم حیزبە چ پێگەیەکی بەهێزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەیە و بێ لەخۆباییبوون دەتوانین بڵێین لەو ڕۆژەوە دێموکرات بووە حیزبی جێی هیوای خەڵک و تەنانەت مەرجەعێکی سیاسییش. وتاری دوکتۆر قاسملووش بوو بە مانیفێستی ئەم حیزبە کە هەتا ئێستاش لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆیدا هەر ئەو ئەسڵانە وەک سەرمەشق و ڕێنیشاندەر چاو لێ دەکا کە لەو میتینگەدا هاتوونە گۆڕێ.

**دیاکۆ دانا**: وەک ئاماژەتان پێ دا دوکتور قاسملوو وەکوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە میتینگی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبدا وتاری سەرەکیی ئەو میتینگەی پێشکێش کرد. هێڵە گشتییەکانی ئەم وتارە چ بوون؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وتاری دوکتۆر قاسملوو کە لەڕاستیدا بە پەسندی ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبیش گەیشتبوو، چرای ڕوونکەرەوەی ڕێبازی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» بوو. (ئەودەم وشەی ئێران بەشێک لە ناوی حیزب نەبوو) زۆر ئەسڵی گرنگ و سەرەکی لەو وتارەدا گونجابوون، لەوانە هەە وەک نموونە:

- دەربڕینی ڕێز و ئەمەگناسی بەرانبەر ڕێبەران و بنیاتنەرانی حیزب و هەموو ئەوانەی پێش ئەوکاتە نەخشێکیان لە بەرەوپێشبردنی کار و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا یاری کردبوو.

- خوێندنەوە و بە گرنگزانینی نەخشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و بانگهێشتنی هەمووان بۆ یەکگرتن و

هاوخەباتی لە پێناو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا.

- پێداگرتن لە سەر هاوکاری و خەباتی هاوبەشی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان چ ئەوانەی ئەو کاتە لە مەیدان بوون و چ ئەوانەی دواتر پێیان نایە نێو گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانی.

- بانگهێشتنی هەمووان بۆ تەمرینی دێموکڕاسی و پێداگرتن لەسەر ئەوە کە کوردستان لە پاوانی هیچ گرووپێکدا نییە و هەمووان بۆیان هەیە لە فەزایەکی کراوەی دێموکراتیدا بۆچوونەکانیان بێننە گۆڕێ و هەوڵی بەدیهێنانیان بدەن.

- داوای نیزیکی و هاوکاریی هەموو هێزە سیاسییە ناوچەیی و سەرانسەرییەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ئێرانێکی دێموکراتیک کە تێیدا هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن.

- داوا لە دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دێموکراتیکی نیشتمانی و بەڕەسمیناسینی ماف و ئازادییەکان و وەلانانی سیاسەتی میلیتاریستی و بەدوورگرتنی سوپا لە دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆیی و تەرخانکردنی تواناکانی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی و سنوورەکانی وڵات.

- هەروەها بانگهێشتکردنی دەوڵەتی ناوەندی بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی و بەدوور لە دەستەبەندییە نیزامییەکان.

- ڕەتکردنەوەی تۆمەتی بێبنەمای جیاوازیخوازی و ڕاگەیاندنی ئەم ئەسڵە کە ئەو جۆرە تۆمەتلێدانە ناتوانێ خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی بگێڕێتەوە.

**دیاکۆ دانا**: گرینگیی پەیامەکەی د. قاسملوو لە چیدا بوو؟ ئەو پەیامە چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕوانگەی خەڵک بۆ حیزب و ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد و حیزبی دێموکرات و ڕوانینی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دانا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: گرنگیی ئەو وتارە پێش هەموو شتێک لەوەدا بوو کە پاش پتر لە سێ دەیە لە ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکەمین جار بوو خەڵک گوێیان لە باسێکی ورد و جامیعی سیاسی دەبوو کە بە جۆرێک هەموو بوارەکانی ژیان و خەباتی هاونیشتمانانی لەخۆ گرتبوو. کاریگەریی وتارەکە لەسەر بیروڕای خەڵکی کوردستان وا دەبینم کە پوختەی ویست و

داخوازەکانی گەلی کوردی بۆ هەمووان گەلاڵە کرد و بەش بەحاڵی خۆم شوێنەواری ئەو وتارە و لەویش زیاتر پەیامی حیزبی دێموکرات لە زوربەی بۆچوونە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بەدی دەکەم. بۆ باسی کۆماری ئیسلامی وا بزانم ئەوەندە بەسە کە پاش ئاشنابوون بە ڕوانگەکانی حیزبی دێموکرات ڕێژیم هەرگیز ڕێگای نەدا ئەم حیزبە لە ڕێگای ڕادیۆ تەلەڤیزیۆنەوە سیاسەتەکانی بۆ کۆمەلانی خەڵکی ئێران باس بکا، چونکە دەیزانی کۆی ڕوانگە سیاسی و نیشتمانییەکانی حیزب لەلایەن کۆمەلانی خەڵکی ئێرانەوە بە ئەرێنی وەردەگیرێن و پڕوپاگەندەی ڕێژیم بە دژی حیزب و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد پووچەڵ دەکەنەوە.

**دیاکۆ دانا:** بێگومان حیزبی دێموکرات وەکوو حیزبێکی میللی-دێموکراتیک هەمیشە باوەڕی بە بەها و بایەخە نەتەوەییەکان هەبووە، حیزب دوای ١١ی ڕەشەممە چۆن توانی پێشەنگایەتیی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و خەباتگێڕی لە کوردستاندا بکات؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕاستگۆیانە دەڵێم پێش دامەزرانی حیزبی دێموکرات و هەموو هێزە کوردستانییەکانی دیکەش بیری نەتەوەیی و داخوازی نەتەوەیی لەنێو کۆمەلانی گەلی کورددا هەبووە و نەخشی حیزبە سیاسییەکان پتر لەوەدایە کە فۆرمی هێنانەگۆڕ و داواکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردیان داهێناوە و زیادیشم نەگوتوە ئەگەر بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێڕنی کوردی نەخشی بنەڕەتیی لەو بوارەدا گرتۆتە ئەستۆ. بەو حاڵە پێم باش نییە باسی پێشەنگایەتیی حیزب بکەم و لە نەخشی ئەوانی دیکە کەم بکەمەوە. باشترە قەزاوەت لەو بارەیەوە بۆ خەڵک بەجێ بێڵین.

**دیاکۆ دانا:** بەڕێز مامۆستا لە وتاریکدا کە چەند ساڵ لەوە پێش بەو بۆنەیە پێشکێشتان کرد، فەرمووتان کە وتارەکەی د. قاسملوو بۆ ئێستاش تازەیە؟ مەبەست چییە؟ مەبەست لە وەدینەهاتنی بەرنامە و داخوازەکانی کوردە، یان ئەوە کە دۆخی سیاسیی وڵات نەگۆڕاوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە ڕاستە کە بەداخەوە هێشتا داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد بەڕەسمی نەناسراون و وەدی نەهاتوون و بۆ بەدەستهێنانیان هێشتا خەباتێکی سەخت و ڕێگایەکی دووردرێژمان لەپێشە، بەڵام لەوێدا مەبەستم ڕاستی و دروستیی بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو و بەگشتی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتە کە پاش ٤٤ ساڵ و بگرە دوای ٧٧ ساڵ ئێستاش هەر ئاوێنەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانن و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ڕۆژگار هاوشانن.

**دیاکۆ دانا:** ٤٤ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە ئەگەر جەنابت بفەرمووی شتێکی زیادە بخەیە سەر ئەو بابەتە، یان قسەیەکی



سەرچاوە Serchawe

نەگوتراوتان مابێت.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: هیچم نییە لێی زیاد بکەم و گرنگیی وتارەکەش هەر لەوەدایە. بەڵام ئەگەر قەرار بێ پتری لەسەر بدوێم دەڵێم، دوو ڕێبەری زانای حیزبی دێموکرات - پێشەوا قازی محەممەد و دوکتۆر قاسملوو- زۆر میراتی بەنرخیان بۆ بەجێ هێشتووین کە یەکێک لە گرنگترینەکانیان واقیعبینی و تێگەیشتنی دروست لە هەلومەرجی خەبات و پارسەنگی هێزەکانە. هیوادارم حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرەکانی لە هەر پلەیەکی بەرپرسایەتیدا بن قەدری ئەو میراتە بەنرخە بزانن و لە قسە و کردەوەدا بەکاری بەرن. دوکتۆری نەمر زۆرجار پێی دەگوتین هەموو ئاوات و ئارەزوویەکی ڕەوا پیرۆزە، بەڵام سیاسەت لەسەر بناخەی ئارەزوو ناکرێ و سەروکاری لەگەڵ واقیعییەتەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

# ئازاد محەممەدیانی: شۆڕشی ژینا لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی مەزنە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا



## بەرایی:

**٢٢ی ڕێبەندانی ئەمسال ٤٤ مین ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە کاتێکدا گەیشتەوە کە شۆڕشێکی نوێ بە ناوی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و ئێران لە ئارادایە. ئامانجەکانی ڕاپەڕینی ٥٧ ئازادی و دێموکراسی و بەرهەڵستبوونەوە دژی دیکتاتۆریی پەهلەوی بوو، بەڵام خومەینی کە سواری شەپۆلەکانی شۆڕش ببوو، نیزامێکی سیاسیی داخراوتر و نادێمۆکراتیکتر لە ڕێژیمی پەهلەویی بنیات نا. خەسارناسیی شۆڕشی ٥٧ و ئاماژەکانی شۆڕشی ژینا مژاری وتوێژێکی "کوردستان" لەگەڵ دوکتور ئازاد محەممەدیانی، لێکۆڵەری سیاسییە:**

**دیاکۆ دانا: لە کاتێکدا ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاتەوە، کە گەلانی ئێران لە گەرمەی شۆڕشێکی قووڵ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک دان کە ٤٤ ساڵ لەوەپێش هەر بە شۆڕش هاتە سەر کار، ئێوە باکگراوندە مێژووییەکانی ناڕەزایەتی و شۆڕشەکان لە ئێرندا چۆن دەبینن؟ ئەوەی شۆڕشی ٥٧ی لێکەوتەوە و ئەو شۆڕشەی کە ئێستاش لە ئارادایە؟**

**د.ئـازاد محەممەدیـانی:** ئەوەی ئێستا لە ئـارادایە درێـژەی هەمـان ڕەوتە کە لە دەورەی قاجـارەوە دەسـتی پـێ کـردووە. بزووتنەوەی مەشرووتە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری ئـازادیخوازی و حەول بـۆ سەقامگیرکردنی حکوومەتی یاسا لە ئێراندا بـوو. بـزووتنەوەیەک کە دەیویست کۆتـایی بە واتـای "ڕەعـیەت" بێنـێ و تـاکی ئێرانـی لە قەوارەی هـاووڵاتیەکی ئـازاددا کەرامەتی پارێزراو بێت، هاوکات دەسەڵاتی شا لە چوارچێوەی یاسـادا بەرتەسک بکرێتەوە و نەتـوانێ وەک سێحەبی مـاڵ و نامووسی خەڵکی هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتی بکا، ئەو دوو بنەما سەرەکییەی بزووتنەوەی مەشرووتە بووە هۆی جووڵانـدنی کۆمەڵگەی ئێران و حەولی بێوچانیان بۆ دەستەبەربوونی مافی یەکسانی و ئـازادی. لە ڕاستیدا ئەو بیرۆکەیە وەک خۆی بە پێی زەرووڕەتی مێژوویی ویست و داواکاری دیکەشی لێ زیـاد و کەم بـووە، بەڵام وەک سەرەکیترین تەقەلای ئێرانییەکان تا ئێستاش بەردەوام بووە، سەرەڕای ئەو بنەما سەرەکییانە دەسەڵاتی زاڵی شای ئێران لە دوو دەورەی بـاوک کوڕدا بـووە هـۆی هێنـدێک گۆڕانکـاری لە پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی ئێرانـدا کە هۆکـاری نارەزایەتیەکـان بـوون. ئەگەر ناڕازیـانی دژ بە دەسەڵاتی پەهلەوی پۆلێنبەندی بکەین لەم چوار بەرەیەدا خۆیان دەبیننەوە:

١- ئیسلامییەکان کە دژایەتیی ئەوان لە سەرەتادا، واتە لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری پەهلەوییەوە پیشەیی بـوو، بەو هۆیەی کە بەرنامەکانی ڕەزاخان بۆ مۆدێرنکردنی ئێران لە پێش هەموو چینێکدا چینی مەزهەبی بەتـایبەت مەلاکـانی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، تا ئەوکات نەهادی دین یا ڕۆحانییەتی شیعە دوو نەهادی گرینگی قەزاوەت و پەروەردەی لە ئیختیاردا بوو، بێجگەلە هێندێک حەول کە لە دەورەی قاجاردا بۆ نیزامی پەروەردەی سەربەخۆ لە دین درابوو، پەروەردە و فێرکـردن هەر لەژێـر دەسـەڵاتی مەلاکانـدا مـابۆوە، قەزاوەتـیش هەر بەم شێوەیە تەنیـا لە پـاوانی مەلاکانـدا بـوو کە بە شێوەیەکی سوننەتی و لە چوارچێوەی فیقهی شیعەدا دەکرا. دامەزرانی دەزگـای داد و پەروەردەی مۆدێرن لەو قۆنـاغەدا ئەو دوو بـنکە گـرینگەی دەسـەڵاتی کۆمەلایەتیی لە ڕۆحـانییەتی شیعە ئەسـتاند و بـازنەی دەسەڵاتدارێتی و هەر بە کـاریگەری لەوە ئابوورییشی تەسک کردنەوە، سەرەڕای ئەوەیکە بەپێی یاسایەکی نوێ مەلاکـان مەجبـوور دەکران بە سەربازیکردن. ئەو هۆکارانە ببووە هۆی ئەوەیکە لە سەفی پێشەوەی ناڕازیانی دژ بە پەهلەویدا بن و زۆر زوو کەوتـنە بەربەرەکـانێ لە گەڵـی، ئەوانە هۆکارەکانی پیشەییبوونی نـاڕەزایەتی ڕۆحـانییەت بـوون و لە درێـژەی دەسـەلاتدارێتیی پەهلەویـدا هێنـدێک هۆکـاری وەک کەشفی حیجاب و مافی دەنگدانی ژنان و شتی دیکەشی پێوە زیـاد بـوو. لە بەرەی ئیسلامیەکاندا چینێکی دیکە هەبـوون کە پێوەنـدییەکی مێژوویـیان لەگەڵ ڕۆحـانییەتی شیعە هەبـوو، بـازاڕی سـوونەتیی ئێـران، بازاڕێـک کە لە پێوەنـدییەکی ئـابووری و شـەرعییدا بـوو لەگەڵ ڕۆحـانییەتی شـیعە، وەک شـەرعییەتوەرگرتن بـۆ کەسـابەت و پـێگەی ئـابووری و کۆمەڵایەتییان. لە ڕاستیدا بەرنامە ئابوورییەکـانی پەهلەوی بە تـایبەت محەمەدڕەزاشا پێگەی ئـابووریی ئەوانی خستبووە مەترسییەوە و ئێستا مەجبووربوون بۆ درێژەی کاری بازرگـانی و تیجـارەت لەگەڵ بـازاڕێکی مۆدێرن بکەونە کیبەرکێیەوە کە بەرهەمی سیاسەتی نوێی حکوومەت بوو. ئەوانە دواتر بوون بە پێگەی سەرەکیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆحانییەت لە

ڕەوتی شۆڕشدا و تەنانەت دوای سەرکەوتنی شۆڕش و تا ئێستاش وەک هاوپەیمان ماونەتەوە.

٢- چەپەکان، کە دوای تەبعیدی ڕەزاشا و کرانەوەی فەزای سیاسیی ئێران لە دەیەی بیستی هەتاویدا بە کاریگەری لە کەشی سیاسیی جیهان و هاوسنووری لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ ئێران بوونە بەشێکی گرینگ لە ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی پەهلەوی، دیارە ئەوە بەو مانایە نییە جیاوازی لەنێوان جەریانە چەپەکاندا نەبوو، بە شێوەیەکی گشتی لایەنە چەپەکان بە دوو بەشی مائۆئیستەکان و مارکسیست-لینینیستەکاندا دابەش ببوون، گرینگترین هۆکاری دژایەتییان لەگەڵ پەهلەوی نزیکبوونی لە ئەمپریالیزمی ئامریکا بە تەعبیری ئەوان و نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان و پەراوێز خستنی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوو. زیندانەکانی حکوومەتی پاشایەتی لێوانلێو بوو لەو جیاوازبیرانەی کە باوەڕیان بە مارکسیزم هەبوو، بە شێوەیەک کە ئەم توێژە ببوونە بەشێکی گرینگی ڕزگاریخوازانی دژبەری پاشایەتی. بێجگە لە مارکسیستەکان هێندێک لایەن بە کاریگەریی لە فەزای جیهانی و فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران کە گوتاری ئیسلامی خەریک بوو تێیدا پەرەی دەستاند، ئەم دوو شێوە ڕوانینەیان تێک هەڵکێشابوو و مارکسیزمی ئیسلامییان ساز کردبوو کە کەمیش نەبوون و دواتر بوونە سەرسەختترین دوژمنانی کۆماری ئیسلامی، کە "سازمانی مجاهدینی خەڵقی ئێران" یەک لەو نموونانەن یا تاقمی "خداپرستان سوسیالیست."

٣- لایەنە ناسیۆنالیستەکان کە "جبهەی میلی" ئێران گرینگترین نوێنەری ئەو توێژە بوون کە دوای کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بە تۆمەتی پشتیوانی لە موسەدیق کەوتنە ژێر گوشار و پەراوێز خران. وەک لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی پاشایەتی زۆربەیان لایەنگری گەڕانەوە بۆ ویست و خولیاکانی بزووتنەوەی مەشرووتە و دەوڵەتی میللی بوون.

٤- نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران وەک بەشێکی گرینگی دژبەرانی حکوومەتی پەهلەوی بە درێژەی دوو دەسەڵاتداری باوک و کوڕ لە بەربەرەکانێدا بوون کە گرینگترینیان کوردستان، ئازەربایجان و خووزستان بوو، جگە لەوەیکە ئەو نەتەوانە لە چوارچێوەی ڕەوتە سەرانسەرییەکانی ئێرانیشدا لە تێکۆشانێکی کەموێنە بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی پاشایەتیدا بوون. گرینگترین داواکاریی ئەو لایەنانە کە دەکرێ کوردستان وەک نموونەی بەهێزی ئەم نەتەوانە بێنینەوە، مافی چارەی خۆنووسین و دەسەڵاتێک بوو کە ناوەندخواز نەبێ. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی پەهلەوی کە لە سەرەتای دەسەڵاتی پەهلەوییەوە لە چوارچێوەی "گوتاری ناسیۆنالیزمی کەونارای پەهلەوی" لەسەر بنەمای زمانی فارسی و مۆدێرنیزاسیۆنی ڕەزاخان هاتە ئاراوە و ئەویتری خۆی بە نەتەوەکانی ئێران دەزانی و ڕێگەچارەی گەیشتن بە ئێرانێکی یەکپارچەو مۆدێرنیان لە سڕینەوەی جیاوازیەکاندا دەدیت و ئەو سیاسەتە هۆکاری سەرەکیی دژایەتی نەتەوەکانی ئێران بەرامبەر حکوومەتی پەهلەوی بوو.

بێشک ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دژایەتیی پەهلەوی و دواتر ڕووخانی، لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادییشدا ڕەنگدانەوەیان هەیە و من ئەو شۆڕشە بە ڕەوتی گەشەسەندووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران و گەلی کورد دەزانم، کە ڕەنگە دواقۆناغی خەباتی ئێرانییەکان بێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی دێموکرات، ئازاد و بەرانبەریخواز.

**دیاکۆ دانا**: لە کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێراندا هێزی سیاسی گۆڕانکاریخوازی جۆراوجۆر لە دەرەوەی بەرەی ئیسلامیستەکاندا بوونیان هەبوو، ئەو هێزانە چۆن و بە چ هۆیەک پەراوێز خران کە بەمجۆرە ڕێگا بۆ کۆماری ئیسلامی خۆش کرا؟

**د.ئازاد محەممەدیانی**: جگە لە کوردستان، تەحلیلی نادروستی لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی بە نیسبەت نەخشی خومەینی و جەریانی مەزهەبی بووە هۆی ئەوەیکە متمانە بە ئەم مەلایە بکەن و خۆیان لەژێر چەتری ئەودا ببیننەوە. لە ڕاستیدا ڕووناکبیرانی ئێرانی کە بەشی هەرە زۆریان چەپ بوون، هاوشێوەی لایەنەکانی دیکە تەحلیلێکی دروستیان لە تیۆرییەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و حەولیان بۆ گەیشتن بە حکوومەتی ئیسلامی نەبوو، لە پێش هەموویاندا چەپەکان لە سەر بنەمای ئەو لێکدانەوەیە کە ئیسلامییەکان دژی ئێمپریالیستن و بۆ گەیشتن بە ئێرانی سەربەخۆ دەتوانن هاوپەیمانێکی متمانە پێکراو بن و بە هاوکاری ئەوان دەتوانن ئێران لە بلووکی ڕۆژهەڵاتی دونیا نزیک بکەنەوە، بەرەی نەتەوەییش لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەلاکان لەوە بێهێزترن کە حکوومەت بکەن و پێویستیان بەوان هەیە کە وڵات بەڕێوە بەرن، کەوتنە ڕیزی ئەوانەوە و متمانەیان پێ کردن. لە ڕاستیدا خوێندنەوەی هەموویان لە خومەینی و مەلاکان، ئەوە بوو کە ئەوانیان وەک توێژێکی دژی شا دەدیت کە تەنیا دەیانهەوێ وەک بەشێک لە کۆمەڵگە نەخشیان لە ڕووخاندنیاندا هەبێ و ئاگایان لەوە نەبوو کە خومەینی و تیئۆریسیەنەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە وەک "دوکتور عەلی شەریعەتی" و "موتەهەری" و "بەهەشتی" و ... بیریان لە دەزگایەکی ئایینی لە سەر بنەمای فیقهی شیعە دەکردەوە کە نەخشی هەبێ لە پەروەردە و سیستەمی دادی وڵاتدا، متمانەیەک لە سەر نەبوونی زانیاری لەسەر ماکی بیرۆکەی خومەینی و هاوبیرەکانی لێکەوتەکەی یاسایەکی بنەڕەتی ئیسلامی و کۆمەڵگەیەکی داخراو بوو کە وردە وردە هەموو لایەنەکانی جیاواز بیری حەزف کرد.

**دیاکۆ دانا**: شۆڕشی ساڵی ٥٧ بۆچی نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات؟ بۆچی دیموکراسی لێ نەکەوتەوە؟ بۆچی ڕزگاریی بە دیاری نەهێنا؟

**د.ئازاد محەممەدیانی**: حکوومەتێک کە هاتە سەر کار لە ئەساسدا هیچ باوەڕێکی بە ئازادی و دێموکراسی نەبوو، لە ڕاستیدا حاکمانی نوێی ئێران بۆ ئەوەیان شۆڕش نەکردبوو کە حکوومەتێکی دێموکڕات بەپێی ویست و داواکارییەکانی گەلانی ئێران و زەرووڕەتی مێژوویی ئێران پێک بێنن. وەک لە پرسیاری یەکەمدا باسم کرد مەلاکان بۆیە دژی پەهلەوی بوون کە سەرەوریی

کۆمەڵایەتییان بگەڕێننەوە. حزووری ئەوان لەسەر ئەساسی داواکاری پیشەیی بوو، کە لە چوارچێوەی حکوومەتێکی ئیسلامیدا دەکرا ئەو ویستە پیشەییانە گەڕەتی بکرێن. کە چاو لە ئەو یاسا بنەڕەتییە دەکەی کە لێکەوتەی شۆڕشە، سەروبەری ئەو یاسایە بە قازانجی مەلاو توێژی ڕۆحانییەتی شیعەیە. لەوەها دۆخێکدا ناتوانی چاوەڕوانی حکوومەتێکی دێموکڕات و وڵاتێکی ئازاد بی.

**دیاکۆ دانا**: گەورەترین پرسەکان لە شۆڕشی نوێدا چیین؟ ململانێیەکانی نێوان دینداری و سێکۆلاریزم، فێدێڕالیزم و ناوەندخوازی، ئیدئۆلۆژی و دێموکراسی؟

**د.ئازاد محەممەدیانی**: لام وایە شۆڕشی ژینا لێکەوتەی گۆڕانکارییەکی مەزنە لە توێی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا، جۆرێک گۆڕانکاری کە لە ئەساسدا جیهانبینییەکی جیاواز و سەردەمیانەی بە نیسبەت هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ئینسان و مافی ئەو ئینسانە لە دنیایەکی ئەمڕۆییدا هەیە. شۆڕشی ژینا شۆڕشی ژنانە دژ بە عەقڵیەتی پیاوسالاری چەقبەستووی ئینسانی ڕۆژهەڵاتی (مەبەست ڕۆژهەڵاتی ناوینە)، شۆڕشی نەوەی نوێی ئێران و کوردستانە دژ بە نۆرم و بەها سوونەتیەکانی داسەپاو لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە، شۆڕشی نەتەوەکانی ئێرانە بەدژ دەسەڵاتی ڕەهای ناوەندخواز و سەد ساڵ پەراوێز خران و هەڵاواردن، شۆڕشی عەقڵی مۆدێرن و چەند ڕەهەندی دژ بە عەقڵیەتی تاک ڕەهەندییە، شۆڕشی جیاوازییەکانی ڕەگەزایەتییە دژ بە هەڵپەساردن و نەدیتن، شۆڕشی چینی زەحمەتکێش و کاریگەرە دژ بە سەرمایە و نیزامی چینایەتی سەد ساڵەی ئێران و لە ئاکامدا شۆڕشێکە بۆ دنیایەکی جیاواز و نیزامێکی ئەخلاقی کە ڕوانینێکی ئەخلاقی تایبەت، داسەپاو نەبێ، بەڵکوو هەڵبژاردنێک بێ لە نێوان هەموو جۆراوجۆریە ڕەوشتیەکاندا. ئەوە خوێندنەوەی منە لە شۆڕشی ژینا و هەموو ئەوانە ململانێیەکی مێژوویین کە ئەو شۆڕشە دەیهەوێ کۆتایی پێ بێنێ.

**دیاکۆ دانا**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەرانە چۆن دەکرێ شۆڕشی نوێ بە سەر کۆماری ئیسلامیدا سەرکەوێ؟

**د.ئازاد محەممەدیانی**: پێداگری، بەردەوامی، یەکگرتوویی و سەلمانی بنەمای قەبوولی جیاوازییەکان، تەنیا ڕێگەی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەیە. ئەگەریش ئەو بنەمایە نەسەپێندرێ ڕەنگە کۆماری ئیسلامی بڕووخێ بەڵام ناتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا سەرکەوتووە، چون پێموایە بزووتنەوەی هەمەلایەنەی "ژن-ژیان-ئازادی" بزووتنەوەیەکی کولتوورییە کە دەبێ ئاکامەکەی گۆڕانی ئەو کولتوورە سەپاوە باوەی ئێستا بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە. بێ ئەو گۆڕانکاریە مەزنە ناتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا سەرکەوتووە.

**دیاکۆ دانا**: کورد چۆن دەتوانێ لە هاوکێشە سیاسییە نوێیەکاندا لە نێوان شوناسخوازیی خۆی و هەوڵدان بۆ هاوپێوەندیی سیاسی سەرانسەری کایە بکات، کە هەم چاوێکی لە گەرەنتیی مافە نەتەوایەتیەکانی هەبێت و هەم بەشێکیش بێت لەو هاوپەیوەندییە سەرانسەریە؟

**د.ئازاد محەممەدیانی**: ئەم شۆڕشە، شۆڕشی کوردە و دروشمە سەرەکییەکەی لە کوردستانەوە هەناردەی ئێران کراوە و ئێستا جیهانی بووە. کورد دەبێ ئەو زەرفییەتە بەجیهانیبوونە بقۆزێتەوە، ناتوانی شتێک هەناردە بکەی و دواتر پلانت بۆ ئیدارە و تەبیینی نەبێ. پێداگری لەسەر دروشمە سەرەکییەکەی شۆڕشی ژینا و کەڵکوەرگرتن لەو سەرمایەیەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقام و مەیدانی خەباتدا بۆ ڕێبەرانی سیاسییان کۆ کردەوە، وشیاری نوێنەرانی کوردی لە مەیدانی سیاسەتدا پێویستە. لام وایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە کوردستان بەهێزترین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تێیدا شەپۆل دەدا و خەڵک حوزووری ڕۆژانەیان هەیە، نوێنەرایەتی کورد دەبێ بە پشتبەستن بە ئەم سەرمایە بەهێزە کۆمەڵایەتییە، بۆ پێداگری لە سەر مافەکانی کورد لە فەزای سیاسی ئێراندا حزووری کاریگەریان هەبێ و بە متمانەبەخۆییەوە هەموو هەلەکان بۆ گەیاندنی دەنگی ئەو گەلە بقۆزنەوە. کوردستان ناتوانێ ئیدی مافەکانی دەستەبەر نەبن ئەگەر ڕێبەرایەتی کورد بتوانێ دروست و دەقیق هەنگاو هەڵهێنێتەوە. ئەوە نابێ لە بیر بکەین تۆران لە سیاسەت و ململانێکاندا مانایەکی نیە جگەلە دۆڕان، کەواتە دەبێ هەموو مەیدانە سیاسییەکان بکرێتە مەیدانی کایەی سیاسەتی کوردی.

**دیاکۆ دانا**: زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا

**د.ئازاد محەممەدیانی**: سپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ئێوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## **محەممەدنەزیف قادری**: ئامانجی شۆڕشی ژینا ڕزگاری لە چنگ دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدڕاڵە



**بەرایی:**

**دوای تێپەڕینی شەش مانگ لە شۆڕشی ژینا لەمەڕ هۆکارەکان، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران، ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و کورد و هەروەها شوێنکاری لەسەر دۆخی نێوخۆیی و دەرەکیی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئەو شۆڕشە بیروبۆچونی جیاواز لە ئارادایە. لەو نێوەدا هەرکەس و لایەنێک بە شێوازی تایبەت بە خۆی و لە گۆشەنیگای خۆیەوە لێکدانەوە بۆ ئەو شۆڕشە و دەرنجامەکانی دەکات. "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەو بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ کاک محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی ناوەندیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە.**

**دیاکۆ دانا: کاک محەممەدنەزیف شەش مانگ لە شۆڕشی ژینا تێپەڕی. لە ئێستادا هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم شۆڕشە بە گشتی چۆنە و بە بڕوای ئێوە دەستکەوتەکانی بۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەت کوردستان کامانەن؟**

**محەممەدنەزیف قادری: بە بڕوای من و زۆر کەسی تر کە لە نیزیکەوە ئەم قۆناغە نوێیە کە بە شۆڕشی ژینا ئەمینی**

(مەهسا) نـاودێر کـراوە ئاگـادارین، دەسـەڵاتدارانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، بە شـەهیدکردنی ئەم کـچە کـوردە بێتـاوانە، مەرگـی سیاسیی خۆیـان واژۆ کـرد. دوای بڵاوبـوونەوەی هەواڵـی دڵتەزێنـی شـەهیدکردنی ژینـا، دوای ئەزیەت و ئازارێکی زۆری ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و بە تـایبەت ژنـانی مـافخواز و خەبـاتگێڕ، ئەم تاوانەیان لەقاو دا و ڕای گشتی گوشارێکی زۆری خستە سەر ڕێژیم و داوایـان کـرد تـاوانبـارانی ئەم جینـایەتە سـامناکە بە سزای ئەو تـاوانەیـان بگەیەنن.

بەرپرسـانی ڕێـژیم وەک هەمیشـە ئەم نـاڕەزایەتییانەیـان پشـتگوێ خست و بە شێوەی جۆراوجـۆر پـاساویان هێنـایەوە و تـا ڕادەیەک  هەڕەشەیان لە بنەمـاڵەی ژینـا کـرد، کە بێدەنگی بگـرنە بەر و بـێ خەبەر بـوون لەوەی کە خەڵکی کوردسـتان و حیـزب و لایەنە سیاسـییەکان و چالاکڤـانـانی ژن و ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـای مەدەنـی لە بەرامـبەر ئەم تـاوانە بێدەنـگ نابن.  ئەوە بوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەیەکدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تـاوانە داوای لە کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردسـتان و ڕای گشـتی کـرد لە بەرامبەر ئەم کـردەوە دژە مـرۆییەدا بـێ دەنـگ نەبـن. ئەوە بـوو بـێ دواکەوتن خەڵکی بوێری کوردستان ئەم ڕووداوەیان کردە دەستپێکی شۆڕشێکی نـوێ و لە ڕێوڕەسمی بە خـاک سپاردنی تەرمی خاتوو ژینا لە سەرتـاسەری ئێرانەوە لە هەموو چین و توێژەکانەوە بەشدارییەکی مێژوویی و بێ وێنە کرا و شاری سەقز بـوو بە مەکۆی ئەم شۆڕشە و دواتر شاری سنە و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێرانی گرتەوە.

لە ئاستی ئێرانـدا ئەم شۆڕشە گوتـاری ئـازادیخوازی، مـافخوازی و وەلانـانی ئەو بە نێـو یاسـا و ڕێسـایانە بـوو دژی ژن و... بانگەشەی یەکیەتی و یەکرێزیی گەلانی ئێران و هەمبەستەگی و هاوخەبـاتی لە سەرتـاسەری وڵات بـوو. جیـاوازییەکی ئەم شۆڕشە لەگەڵ بزووتنەوەکانی ساڵانی ڕابردوو لەوەدا بوو کە خۆپێشاندەران یەکدەنگ دروشمی ڕووخانی ڕێژیمیان هەڵگرت و تـا ڕادەیەک ئەوانەش کە بە جۆرێـک بە هیـوای ئـاڵوگۆڕ لە ڕێژیمـدا بـوون بە ئەم شۆڕشەوە پەیوەست بـوون و ڕێبەرانییـان پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا لەژێر ناوی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرتـاسەری ئێـران و دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشـی تەنییەوە و ئێستا شۆڕشی ژینا بۆتە هیواییەک بۆ داهاتووی ئێران و ئازادبوونی وڵات لە دیکتاتۆریی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە ئاسـتی کوردستانیشـدا شۆڕشـی ژینـا سـیمایەکی مرۆڤدۆسـتانە، شۆڕشـێکی ئەمرۆیـی لەسـەر بنەمـای هاوخەبـاتی و پێکەوەژیانی گەلانی ئێرانی پیشان دا. جارێکی دیکە ڕۆڵ و دەوری کوردی دەرخست و گەلی کورد و کوردستان بـوونە هەوێنـی ئەم شۆڕشە سەرتـاسەرییە بە تـایبەت ژنـان، لاوان، خوێنـدکاران، هونەرمەنـدا و وەرزشـوانان پێشـەنگی ئەم کـاروانە پـڕ لە شـانازییە بـوون و هەر ئەم یەکیەتـی و یەکریـزییەی گەلـی کـورد بـوو کە لە سەرتـاسەری ئێرانەوە دەیـان دروشمی شیاو بـۆ کوردستان درا.

**دیاکۆ دانا**: لە ڕەوتی ئەم شۆڕشەدا دیتمان کۆماری ئیسلامی، بە توندترین شێوە خۆپیشاندەرانی سەرکوت کرد و ڕەفتاری سەرکوتکارانەی ڕێژیم کاردانەوەی جیددی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدواوە بوو. بە بڕوای ئێوە بە گشتی ئەو شۆڕشە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی ئەو ڕێژیمە لە ئاستی نێودەوڵەتی دانا؟

**محەممەدنەزیف قادری**: هەروەک ئاماژەم پێ دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەکردن لە بنەماڵەی ئەم شەهیدە و وەجووڵەخستنی هێزەکانی بۆ سەرکوت و گرتن و ئازار و ئەشکەنجەی پێشڕەوانی ئەم شۆڕشە، لە تەواوی شارەکان کەشێکی ئەمنییەتیی وەڕێ خست و بە سەدان کەسی شەهید و بریندار و هەزاران کەسیشی قۆڵبەست و ڕەوانەی ئەشکەنجەگاکان کرد. لە بەرانبەر ئەم کردەوە فاشیستییانەی ڕێژیم، لە سەرتاسەری جیهان وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوو، ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بە تایبەت کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پارلمانی ئورووپا، کۆنگرەی ئامریکا و ڕاگەیەنەکان پشتیوانییان لەم شۆڕشە کرد و لە چەندین شاریش لە ئورووپا و... شەقامەکانیان بە ناوی ژیناوە ناودێر کرد و ئەم شۆڕشەیان وەک شۆڕشێکی مرۆڤدۆستانە و دێموکراسیخوازانە پێناسە کردووە و هەنووکەش لەژێر ڕووناکایی ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە کۆڕوکۆبوونەوە دەگیرێ.

لە پارلمانی ئورووپا پرسی بە تێرۆریستی ناساندنی سپای پاسداران پەسەند کرا و لە ناوەندەکانی بڕیار لە ئورووپا و ئامریکا و... بە دەیان کەس لە بەرپرسانی دژی گەلیی ڕێژیم گەمارۆییان خرایە سەر. خاڵی بەهێزی ئەم شۆڕشە لەوەدایە تا دوێنێ وڵاتانی دەرەوە باسی گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمیان دەکرد و هەنووکە لە ناوەندەکانی دیپلۆماسیدا پرسی گۆڕینی ڕێژیم باسی لێوە دەکرێ و سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرەوە ئەوە هەنگاو دەنێ ئەم ڕێژیمە مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی. بانگهێشتنەکردنی هەییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆبوونەوەی ئاسایشی جیهانی لە میونیخ لە ئاڵمان دەرخەری ئەم ڕاستییەیە.

**دیاکۆ دانا**: وەک دەزانین تا ئێستا لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی گشتگیر لەنێوان ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و ئۆپۆزیسیۆنی کورد نەهاتووەتە ئاراوە. بە بڕوای ئێوە هۆکارەکانی ئەو لێکتێنەگەیشتنە چییە؟

**محەممەدنەزیف قادری**: پرسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کورد پرسێکی هەستیارە. ڕوانگەکان جیاوازن بۆ گەیشتن بە هاوپەیمانییەکی سەرتاسەری و جێگرەوەیەک بۆ ڕێژیم و هەوڵەکان تا ئێستا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوون. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵێکی چڕوپڕمان داوە و لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاوپێکەوتن و کۆڕوکۆبوونەوەمان بووە و جگە لە هەوڵەکانی حیزب، لە ناوەندی هاوکارییش لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵەی

شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە هەوڵ و تەقەلا داین و ئەم هەوڵانەشمان بەردەوامە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان و دۆستانمان بە ڕێککەوتنێک بگەین.

بۆ ئێمە شوناسی نەتەوەیی، ئامانجە نەتەوەییەکان و کوردستانێکی خاوەن سیستمی حوکمڕانی کە دەرخەری هێمایەکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلار بێ گرینگە. بەداخەوە بەشێک لە بەناو ئۆپۆزیسیۆن، بیرکردنەوەیەکی فاشیستانەییان هەیە و ئامادە نیین ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەن کە وڵاتی ئێران فرەنەتەوە و فرەزمانە، ئەم بیرکردنەوەیە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای هاوکارییە و لەمپەرە بۆ یەکگرتوویی بەرینتر. دیارە هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە نە لەنێوخۆی وڵات و لەنێو گەلانی ئێران و هێزە چەپ و دیموکراتەکاندا زۆر دەوریان نییە. ئەوەی دەتوانێ دەوری ئەرێنی بگێڕێ ئەو هێزانەن کە لە گۆڕەپانی خەباتدان.

**دیاکۆ دانا**: لە ماوەی ڕابردوودا، شێوازی چالاکی و ڕوانگە و بیرۆچوونی سەڵتەنتخوازەکان کاردانەوەی زۆری لایەنەکانی تری ئێرانی و کوردستانی لێ کەوتوەتەوە. حیزبی دیموکراتیش ڕایگەیاندووە ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی نییە. ئایا ئەم هەڵوێستەی حیزبی دیموکرات بە واتای مەرجدارکردنی هاوکارییە یان بە گشتی ڕەتکردنەوەی سیستەمی سەڵتەنەتە بۆ داهاتووی ئێران؟

**محەممەدنەزیف قادری**: سەبارەت بە سەڵتەنەتخوازی، ئەزموونی سیستمی پاشایەتی ئەزموونێکی تاڵ و شکست خواردووە و گەلانی ئێران لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا وەلایان ناوە. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە و دەوروبەرییان ئێستاش بە ئەو عەقڵییەتەوە دەیانەوێ سیاسەت بکەن و ڕێبازی شۆڕشی ژینا بە لاڕێدا ببەن، شۆڕشێک کە لەسەر بنەمای هەمبەستگی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی مافە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران و هەڵگرتن و لابردنی یاسا و ڕێسا دژەمرۆییەکان بەرامبەر بە ژنان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران قوربانیی بۆ دراوە، کەچی دەبینین لایەنگرانی ئەو بیرە کە هەر ئێستا ڕێگە خۆشکەرن بۆ ڕێکخستنەوەی سپای پاسداران و قاتڵانی خەباتگێڕانی شۆڕشی ژینا.

بۆیە ئامانجی شۆڕشی ژینا ئامانجێکە کە بانگەشە بۆ ڕزگاریی ئێران لە چنگ دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی کۆماری، دیموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵ دەکات. ئێمە پێمان وایە ئامانجەکانی خەڵکی ئێران لەو جۆرە سیستمە حوکمڕانییەدا وەدی دێ و ئەرکی هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و خەباتگێڕەکانە کە ئەم سیاسەتە بگرنە بەر. چونکە ئەزموونی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە سیستمێکی ناوەندگەرا و پاوانخواز ناتوانێ ویستی خەڵک دابین بکا، سیاسەتی حیزبی دیموکراتیش زۆر ڕوون و ئاشکرا پشتبەستووانە بە ئیرادەی گەلی کورد پێداگری

لەسەر شوناسی نەتەوەیی و هاوخەباتی لەگەڵ ئەو حیزب و لایەنانەیە کە باوەڕمەند بە ئەو سیستمە حوکمڕانییەن کە خەڵک لە سێبەریدا بە ئاسوودەییەوە بژین.

**دیاکۆ دانا**: **کاک محەممەدنەزیف لە ئێستادا دەزگای پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات وای بنوێنێت شۆڕشی ژینا کۆتایی هاتووە و لێدوانی بەرپرسانی بالای ئەو ڕێژیمە بە جۆرێکە کە گوایە دوژمنێکی دەرەکییان شکست داوە. ئەمەش بەئاشکرا بووەتە هۆی تووڕەیی خەڵک. بە گشتی خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم دۆخەی ئێستا چۆنە و داهاتووی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و ئێران چۆن دەبینن؟**

**محەممەدنەزیف قادری**: من پێچەوانەی پروپاگەندەکانی سەرانی ڕێژیم، لەو باوەڕەدام شۆڕشی ژینا پەیامێکی بە کۆمەڵانی خەڵک داوە لە خەبات و بەرخۆدان بەردەوام بن، ئیرادەی خەباتگێڕیی کوڕان و کچان و ژنانی بەهەڵوێست نیشانیان دا لە هیچ هەڕەشەیەکی ڕێژیم سڵ ناکەن و تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان و بە چۆکداهێنانی ڕێژیم لە خەبات بەردەوام دەبن. پەیامی شۆڕشی ژینا یەکیەتی و هەمبەستەگییە بە ئامانجێکی مرۆڤدۆستانە و یەکسانیخوازانەوە. دروشمەکانی ئەم شۆڕشە دژی هەر جۆرە هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریی و کۆنەپەرستی. بە ئەو هیوایەوە گەلی کورد و گەلانی ئێران و هەموو ڕۆڵە مافخوازەکانی وڵات لەژێر سێبەری شۆڕشی ژن، ژیان. ئازادیدا بە ئاواتەکانییان بگەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## حیسام دەستپێش: مەنشووری جۆرجتاون لەڕاستیدا ساتوسەودایەکی زۆر ناشیانە بوو لەگەڵ شۆڕشی ژینا



### بەرایی:

**مەسەلەی نەتەوایەتیی لە ئێران‌دا یەکێک لەو پرسە گرینگانەیە کە بەهۆی پێشێلکردنی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندگەرا، هیچکات دانی پێدا نەراوە. لەم قۆناغە زەمنییەدا، چ پێش شۆڕشی ژینا و چ دوای ئەو شۆڕشە هەر یەک لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە پێکهاتوون لە هەموو نەتەوەکانی ئێران، وەکوو ئاڵترناتیڤێک بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی خاوەن بەرنامە و پلاتفۆڕمی تایبەت بە خۆیانن. بەڵام تا ئێستا ئاڵتێرناتیڤ یان بەدیلێکی سەرانسەری نەهاتووەتە ئاراوە کە کۆدەنگی هەموو لایەنەکانی لەسەر بێت. دیارە ئەمە چەندین هۆکاری هەیە، بەڵام یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە بەشێک لەو هێزە سیاسیانەی کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیونی سەرانسەری پێناسە دەکەن، زیاتر وەک نوێنەری نەتەوەی فارس دەردەکەون و بە بیانوی پاراستنی تەواویەتیی ئەرزی ئێران، دان بە مافەکانی باقی نەتەوەکاندا نانێن. ڕۆژنامە "کوردستان" بۆ تاوتوێکردنی پرسی دێموکراسیخوازی لە ئێران، پەیوەندی دێموکراسی لەگەڵ مافی نەتەوەکان، گرێدانی فیدراڵیزم و جوداییخوازی لەلایەن هەندێک کەسایەتی و گرووپی سیاسی، مەنشووری جۆرج تاون و هەڵویستی حیزبی دێموکرات لەو بارەوە وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز "حیسام دەستپێش" چاوەدێری سیاسی پێکهێناوە.**

**دیاکۆ دانا:** پێدەچێت گەیشتن بە دێموکراسی و وەدەستهێنانی ئازادی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە لە ئێران‌دا ئەو خاڵە بێت

**کە زۆربەی خەڵکی ئێران لەسەری کۆدەنگن، بەڵام کێشیەکی سەرەکیی هەیە ئەوەیش ئەوەیە هێندێک لە هێزە سیاسییەکان، بە بیانوی پاراستنی"تەواویت یا یەکپارچەیی" ئێران هیچ مافێک بۆ نەتەوەکانی تر بە ڕەوا نازانن، بە بڕوای ئێوە ئەو هێزانە تا چەند نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی ئێران و بە تایبەتی نەتەوەی فارس وەکوو نەتەوەی باڵادەست دەکەن؟ و ئایا دێموکراسی بەبێ دانپێدانان بە مافی نەتەوەکان جێگیر دەبێت؟**

**حیسام دەستپێش**: ئەوەی کە لە پانتایی ئێراندا هەیە وەکوو چوارچێوەیەکی جوغرافیایی، ئەوەیە کە بە واقعییەتێک ڕووبەڕووی شەپۆلێکی ئینقلابی بۆتەوە. ئینقلابی بەو مانایە کە ئێوە بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو شەپۆلەی کە کاتی خۆی، ناسیونالیزم لە ساڵی ١٨٣٠ بەملاوە ڕووی کردە وڵاتانی جیهان و، گۆڕانکارییەکی گەورەی ساز کرد و بەراوردی بکەن لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبر کە بوو بە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەرهەڵبدا و هەژانێکی گەورە ساز بکات. بەراوردی بکەن لەگەڵ ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەو شەپۆلەی کە لە لیبراڵیزم و هاتنەئارای بە ئیستلاح مافی تاکەکان هاتە ڕۆژەفەوە. لە عەینی حاڵدا، ئەوەی لە ئێراندا ڕووی دا تەکمیلی ئەو شەپۆلە بوو کە لە بەهاری عەرەبیدا ڕووی دا. دەمەوێ ئەو خاڵە زەق کەمەوە، ئەوەی کە ڕووبەڕووی ئێران دەبێتەوە شۆڕشێکی فیکرییە. بە مانای ئەوەی کە دەبێ دەرباز بێ لە قۆناغێکی مێژووی، کردەیی و قۆناغێکی ئەزموون کراو. ئەمەیە هەژانە ئەسڵییەکە لە کۆمەڵگە ڕووی داوە و دەقاودەق هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی کە خەڵکی ئاسایی لەنێو پانتایی سیاسی ئێراندا دیانەوێ، بە مانای ئازادی، دێموکراسی، پێکەوەبوون و قبووڵکردنی یەکتر. لەڕاستیدا ئەوەی کە وەکوو دەڵێن شۆڕشی ژینا یان بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" هێناویتە کایەوە، یەکانگرییەکە لەگەڵ ئەو داخوازییانە، ئەو باسانە کە ئەساسەن بەلای ئەو کۆمەڵگەیانەی لەنێو ئێراندا هەیە، یەکانگیرە لەوان و دەتوانین بڵێین کە بۆتە هۆی ئەوەی کە بتوانێ ئەو هاندەرییە ساز بکا کە پەیوەست بن.

بەڵام کاتێک کە دێتە بواری کردەییەوە، یانی بواری سیاسی ڕۆژانەکەیەوە تەبیعەتەن بەربەستی زۆر گەورەی هەیە. یەکەم بەربەستی گەورە کە هەیە دیوارێکی مێژوویی لە ناسیونالیزم قەومگەرای ئێرانی دەبێ بشکێنێ. ئەو ناسیونالیزمە کە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک لە کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بووە، تەبلیغی بۆ کردووە، قوتابخانەی بۆ کۆنترۆڵ کردووە، دەستگای سیاسی، نیزامی، ئەمنییەتی و کولتووری بە دەستەوە بوو. باسی دوویەم، باسی ئایینە کە زۆر لە ناسیونالیزمی ئێرانی کۆنتر یان مێژوویی زیاترە. ئەم بزووتنەوە کاتێک ڕووبەڕووی ئەم زێهنییەتە بۆتەوە، ڕووبەڕووی ئەم هەلومەرجە بۆتەوە، نابێ چاوەڕوان بین بە سادەیی ئیتفاق دەکەوێ، ئەمەیە پەرچەکردارەکان دروست دەکا. یەکەم شتێک کە ڕووبەڕوویەتی مەسەلە بیری ئەم خەڵکانەیە کە دەبێ بە شیوەیەکی تر جیهانبینی، بەشیوەیەکی تر بیر بکەنەوە، بە شیوەیەکی تر ئارەزووە سیاسییەکانیان وێنا بکەن.

دوویەم بەربەرست کە دێنە ئاراوە هێزە سیاسییەکانن. ئەو هێزانەی کە لە پانتایی ئێران دێنە ئاراوە، خۆیان بە نوێنەری ئێران دەزانن، ئێران بە مانای گشتییەکی. ئەوانە ئێستا دەربارەی قۆناغی شۆڕشی ژینا یان "ژن، ژیان، ئازادی" نەبوون. لەڕاستیدا کاریگەرییەکی جەوهەری، فێندۆمنتاڵی یان ژێرخانی یان ئەساسیان لەو شۆڕشە وەرنەگرتووە. بۆیە بە تەبڵی کۆن دەیکوتن یان ئەوەی کە پاڵ دەدەن بە ناسیونالیزمی قەومی ئێرانییەوە، یەک زمان، یەک قەوم، یەک نەتەوە و... یان پاڵ دەدەن بە تێکەڵێک بە ناسنامەی قەومی و ئاینی خۆیان. بەو مانایە کە دووبارە هەمان سیستەمە لە سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی دا هەیە، دووپاتی کەنەوە. ئەم کۆسپانە کۆسپێکی جیددین و بۆیە دەربازبوون لە قۆناغێکی نوێ ئەم هێزە بتوانێ تێگەیشتنی ئەم ڕاستییە بکەن، زەحمەتی زۆرە. کەواتە ئەگەر کورتی بکەمەوە، ئەوەی کە کەشێک لەنێو خەڵک دا هەیە بەڕاستی زۆر جیاوازە لەگەڵ کەشێک کە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ئێراندا هەیە. بەپێچەوانەی ئێمە گرووپگەلی پیراموونی یان پەراوێزی هەیە کە پێشتر پەراوێز بوون ئێستا مەتنن. ئەم گرووپە پەراوێزییانە بەو مانایە قبووڵیان کردووە لەگەڵی دەچنە پێش. کەواتە ئەوەی لە ئێراندا هەیە، لەڕاستیدا هەژانێکی گەورەیە بە مانای وەروودی یان چوونە نێو قۆناغێکی تر لە تێگەیشتنێکی سیاسی، گوتارێکی سیاسی لە هەمان کاتدا تەبیعەتەن دەبێ نیزامێکی شیاو لەگەڵ ئەوەش ساز بێ.

**دیاکۆ دانا**: هەموو ئەو نەتەوانەی لە ئێراندا هەست بە چەوسانەوە و ستەمی نەتەوەیی دەکەن، پێداگرن لەسەر وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیی خۆیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدرالدا، لە بەرامبەردا ئەو گرووپ و لایەنانەش کە خۆیان بە نوێنەری نەتەوەی فارس دەزانن فیدراڵیزم گرێ دەدەنەوە بە سەربەخۆییخوازی یان بەو جۆرەی خۆیان دەڵێن جوداییخوازی! ئەمەش یەکێکە لە لەمپەرەکانی بەدیهاتنی ئاڵترناتیڤێکی سەرانسەری. بە بڕوای ئێوە ئەم ڕەوتە تا کەی بەردەوام دەبێت و چ ڕێگاچارەیەک بۆ دەربازبوون لەم مەتەڵۆکەیە (موعەمما) هەیە؟

**حیسام دەستپێش**: دەزانی وەکوو پێشتر ئاماژەم پێدا، ئێمە لە ئێستادا دوو جەمسەرمان هەیە، جەمسەری چالاک لە پانتایی سیاسی ئێران بە نیسبەت گۆڕانەوە یان هێنانە ئارای گۆڕانەوە. یەکەمیان ئەو زێنییەت ئەو تێگەیشتنەیە کە لە ڕابردوودا چەقیوە و ناتوانێ خۆیان دەرباز بکات. دوویەم تێگەیشتنێکی نەتەوە بندەستەکان کە ئەوان دەیانەوێ ڕاستییەکی مەتلووب دروست بکەن. مەتلووب بە مانای خۆشکردنی بوارێک کە تێیدا پێکەوەژیان ئیمکانی هەبێ، پێکەوە بتوانن نیزامێکی سیاسی مەتلووب دروست بکەن کە هەردووکیان بتوانن تێیدا بژین.

ئەم نەتەوانە، تێگەیشتنێکی دروست کە لەم بزووتنەوەیە وەریانگرتووە، ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە بە بزووتنەوەیەکی شۆناسخوازانەیە کە دەتوانێ ببێ بە بەشێک لە بوون و پرۆژەی سیاسی ئەوان دەزانن. لە بەرامبەردا هێزە سیاسییە



سەرچاوە Serchawe

ئێرانییەکان ئەوانی خۆیان بە ئێرانی دەزانن، ئەوانە تێگەیشتنێکیان لەو ڕاستییە دروست نەکردووە. بۆ؟ چونکوو باوەڕمەند نیین کە بزووتنەوەی ژینا یان ژن، ژیان،ئازادی بزاڤێکی ناسنامەخوازانەیە. بۆ وا دەڵێم؟ چاو باسی ژن، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە مەسەلەی ناسنامەوە. چون ژن وەکوو کورد، تورک، فارس، عەرەب و... باسی ناسنامەیان هەیە و دەبێ وەکوو ناسنامە بناسرێن. لەنێو سیاسەتی ئێراندا بە درێژایی ئەم چەند دەیەیە ئەسڵەن باسی ژن وەکوو ناسنامەیەک بەفەرمی نەناسراوە. نەتەوە بندەستەکان لە ئەساسدا باوەڕیان ئەوەیە یان ڕاستییەکیان ئەوەیە ئەم بزاڤە لەگەڵ بزاڤی ژنان دا کە ناسنامەخوازە دەتوانێ یەکانگیر بێ.

بە پێچەوانە جەمسەرەکی دیکە ئەم بزاڤە بە بزاڤێکی ناسنامەخواز نابینێ. بۆیە جۆری بیرکردنەوەیان لەمەڕ ژنیش ئەساسەن وەکوو ئەکترێکە. یانی ئەوەی کە ئەکترێک بێتە ناو سیاسەتەوە، وای دەبنێین ١٠ دەرسەد، ٢٠ دەرسەد لە سیاسەتی هەبێ. نا، ئەوە ڕەهەندێکی زۆر لاوەکی مەسەلەکەیە. بەڵکوو هاتنی ژن و ئەرزشەکانی ژن بۆ نێو سیاسەت، باسێکی شۆناسانییە و ئەوان ئێستا نەیاتوانیوە لەمەڕ ئەو مەسەلەیە فام بکەن. ئەگەر کورتی بکەمەوە ئێستا ململانێکە لەنێو ئەوەدایە ئایا ئەو لایەنانە کە سوودیان بردووە لە نیزامی سیاسی، مەوقەعییەتی سیاسی و هەلومەرجێک هەبوو لە ئێران و دەیانەوێ بەو ڕەوتە درێژە بدەن یا نا ڕاستیگەلێک قبووڵ دەکەن کە لە ئێراندا بوونی هەیە؟ ڕاستییەکی من زۆر گەشبین نیم لە کورت ماوەدا ئەو ڕووداوە بێتە پێش. مەگەر عەوامێلێکی لە دەرەوی ئەو بازنەیە بێنە نێو ئەو مەسەلەیە. یان بزووتنەوەگەلی مەدەنی کە لەنێوخۆدا هەیە بتوانێ پاڵ بەوانەوە نێ و ناچاریان بکات. ئەگەر ئەو ڕووداوانە نەیەتە پێش، من پێموابێ ئێرانچی چارەنووسێکی باشتریان لە سوونەکان لە عێراقدا، عەلەوییەکان لە سووریە، گرووپەکانی تر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە سیاسەت جێماوەن و نەیانتوانیوە لێی تێبەگەن، تەبیعەتەن باشتر نابێ.

**دیاکۆ دانا**: هەروەک دەزانن مەنشووری جۆرجتاون ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن شەش کەس لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە واژۆکرا و لە کۆمەڵگەی کوردستانیشدا کاردەنەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. بە گشتی هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەو مەنشوورە چییە و ئایا پێتان وایە لە ئاستی خواست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە؟

**حیسام دەستپیش**: هەرگیز. جۆرجتاون گەورەترین کێشەکەی ئەوەیە کە لەو خاڵانەی کە باسمکرد، تێیدا زۆر بە جوانی دەبیندرێ. وەکوو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتیش بە دروستی ئاماژەی پێ کرد، چوونە ئەو بوارەوە ئێستا زوو بوو. دەزانی ئێمە لە ئێراندا لەگەڵ یەک باسدا ڕووبەڕوو نین کە گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێستادا بێ. یانی بڵێین دوو ڕۆژی دیکە مانگێکی دیکە ڕوودەدا. لەو کاتەدا کوالیشن یا هەواڵ بەندییەک سازن کەی، بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئەو مەوقعییەتە مودیرییەت کەی. ئەم کەسانە کە لەنێو باسی جۆرجتاون دان، تبیعەتەن بە زێنییەتەوە سیاسەت دەکەن. ئەوە کاتییە و



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە یەکبگرین و لە هێژمۆنی و هیەمەنەبییەک ساز کەین و بتوانین فازەکە ببینە پێشەوە. گەورەترین کێشەیەک کە هەیە ئەوەیە کە مەنشووری جۆرجتاون لەڕاستیدا ساتووسەودایەکی زۆر ناشیانەیە لەگەڵ باسی شۆڕشی ژینا یان ژن، ژیان، ئازادی کە لە ئێراندا لە ئارا دایە. ناشییانەیە بە چ مانا؟ بەو مانایە کە وا تێگەشتوون کە بەخستنەڕووی کۆمەڵێک مەسایبەلی گشتی ئەساسەن دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران هەبێ. بەپێچەوانە وا نییە. بۆ؟ چون ئەم بزووتنەوەیە، ئەگەر ئێمە قبووڵی کەین بزووتنەوەیەکی ناسنامەخوازانەیە، ئەگەر ئێمە قبووڵی کەین ئەم بزووتنەوەیە دێموکراسییەکەی ڕادیکاڵ دەخوازێ، تەبیعەتەن ئەم کەسانە لەو مەنشوورەدا نەیانتوانی وەڵامدەری هیچکام لەو تایبەتمەندییانە ببنەوە. تەنیا هاتوون کۆمەڵێک چەمک و وشەیان خستووتە کەن، وەکوو کەسەکان.

**دیاکۆ دانا**: یانی دەتوانین بڵێین بە مەیلی ڕەزا پەهلەوی بوو وایە؟

**حیسام دەستپیش**: دەزانی ئەسڵەن مەسەلە ئەوە نەبوو ڕەزا پەهلەوی هەیە لەنێو ئەو مەسەلەیە یان نییە. بەڵکوو هەموویان کێشەن، هەرکامیان بە شێوەیەک. ئێستا ڕەزا پەهلەوی بە قەولێک کێشەکەی زیاترە یان مەساییلەکانی زیاترە. دەمەوێ بڵێم کە زێنییەتێک کە بەسەر ئەو باسەدا غالبە، زێنییەتێک نییە کە لێی تێبگەی یانی لەسەر ئەساسی تێگەیشتنیک کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە نییە. بەڵکوو بەپێی ویستی کەسانێکی دیاریکراوە. کێ دروشمی گەورەی بە نیسبەت ئێمەی کوردە، ئەوەیە کە ئێمە بزووتنەوەیەکی سەریح و وازحمان خستە نێو گەمەیەکی ناوازح، گشتی و غەیرە قابلی تێگەیشتن. ئێمە هاتین پرسی کوردستان کە پرسێکی وازەحە، پرسێکی دیاریکراوە و پێناسەیەکی دیاریکراوی هەیە، خستمانە نێو دیالۆگێکی زۆر عەجیب و غەریبەوە، دیالۆگێکی کە پێویستە بیکەی بە چەمکگەلی گشتی ئەو چەمکانەوە. دووییەمین نوکتە و نووکتەیەکی زۆر ناخۆش بەلای مەنەوە زۆر کاریگەریی خراپی داناوە ئەوە بوو کە ئێرانییەکانی پەلکێشی نێو سیاسەتی کوردستان کرد. نوکتەیەک کە ئەگەر بڵێم لەنێوان حیزب دێموکراتی کوردستان ئێران و کۆمەڵە تێگەیشتنێکی ٩٠ لە سەدی تێگەیشتن لە کەشی سیاسی و مودیرییەتکردنی و هاوکات دابەشکردنی کار لەنێوانیان دا، ئەو کاتە هیچ کێشەیەک نییە. بەڵام ئەگەر ئەمە بوونی نەبێ ئێمە ئێرانییەکانمان پەلکێشی نێو سیاسەتی خۆمان کردووە و ئەگەر سەرنجیشتان دابێ لەو کاتەوە جۆرجتاون هاتووە شێوەی کۆمەڵگە و ڕفتاری کۆمەڵگە ئێمە لەگەڵ یەکتر دوو جەمسەری بووە یا بڵێین بەریەکەوەتن ساز بووە. کەواتە ئێمە ئێرانییەکانمان هینا نێو سیاسەتی کوردستانییەوە لە حاڵێکدا، پێش ئەو جۆرجتاونە ئێمە عاملێکی سیاسی بووین کە دەمانتوانی حووکم کەینە سەر قسەکان. بە گشتی دەمەوێ بڵێم جۆرجتاون تەمەنی بە قەد هەر ئەم وشانەیە کە هەیە. توانابییەکانیشی بەقەد ئەو وشانەیە. ئەو وشانە نە باری ماناییان هەیە هاندەر سازکەن و نە توانی پراگتیکییان هەیە و بە مانای کە بتوانن خەڵکێک، کۆمەڵگەیەک، کەسانێک هێزەکانی بزووتنەوەیەک بەسیج کەن، بتوانن گۆڕانکاری سیاسی بێنێتە کایەوە.

**دیاکۆ دانا**: وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، کاک خالد عەزیزی لە لێدوانێکیدا لە کۆبوونەوەی تۆرێنتۆ لە لایەکەوە باس لەوە دەکات کە حیزبی دێموکرات موتڵەقەن سیستەمی سەڵتەنەت و پاشایەتی ڕەت دەکاتەوە و لەلایەکی ترەوە دەڵێت ئەوان وەک حیزبی دێموکرات پێیان وایە واژۆکەرانی مەنشووری جۆرج تاون لە ڕووی کاتەوە پەلەیان کرد و پێویست بوو ماوەیەکی زیاتر گفتوگۆ بکەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێشتریش بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات ڕایگەیاندبوو کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ڕەزا پەهلەوی هاوکاری ناکەن، ئێوە وەک چاودێرێکی سیاسی پێتان وایە کێشەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ چۆنیەتی و ناوەڕۆکی مەنشووری جۆرج تاونە یان لەگەڵ سەڵتەنەتخوازان و سیستەمی پاشایەتی بە شێوەی موتڵەق؟

**حیسام دەستپیش**: ئەو هەڵوێستانەی لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بە نیسبەت جۆرجتاونەوە و ئەوانەوە ڕاگەیندار بە ڕای من هەڵوێستێکی مەنتقی و دروست بوو. دەزانی حیزبی دێموکرات وەکوو دەستپێک، وەکوو خاوەنداریتی، وەکوو ناسنامە، وەکوو بوون، حیزبێکە لە ئەساس دا، لەسەر بنەمای خاونداریتی لە ناسنامەی کوردستانی هاتۆتە ئاراوە. کەواتە غەیری ئەوەی کە خاونداریتی لەو ناسنامەیە بکا و غەیری ئەوەی کە پارێزەری بێ و غەیری ئەوەی کە خۆی بۆ تەرخان بکات، لە دەرەوی ئەمە هەر چالاکییەک یان هەر ئاراستییەک بڕوا تەبیعەتەن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم حیزبە لە هۆویەتی خۆی لە ناسنامەی خۆی دوور بکەوێتەوە.

کێشەی گەورەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان وەکوو ویژمانێکی فیکرییە. یانی حیزبی دێموکرات لەڕاستیدا ویستوویەتی بڵێ کە من لەگەڵ ویژمانێکی فیکریی دایە نییە کە ئەزموون کراوە. ئەزموون بە مانای پاوانخوازییەکی، ئەزموون بە مانای سەپاندی ناسنامە، ئەزموون بە مانای پەراوێزخستی ئەوانی دیکە، ئەزموون بە مانای ئەوەی کە خەڵک بەرامبەری شۆڕشی کردووە. لەڕاستیدا دەیەوێ ئەو ویژمانە ڕەد بکاتەوە، یانی ئەساسەن ئەم ویژمانە، قبووڵ ناکات. بۆ؟ چون دەرئەنجامەکی دیارە، تۆ ناتوانی چاوەڕوانی ئەوەت هەبێ بۆ نموونە، کەوێک وەکوو کەڵەشێرێک بخوێنێ، یان ناتوانی بە تەمای فرۆی چەوری بەر خەمیر بی یان هێلکەی دوو زەردێنی کەڵەشێر بی.

هەر گوتارێکی سیاسی قابیلییەت سیاسی تایبەت بە خۆی هەیە کە ناتوانێ جیا لەوە لە خۆی ئەنجام بدا. بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامی حیجاب لە چوارچێوی ویژمانەکەی دایە. کۆتا هاتن بەرامبەر بە ئەو مەسەلەیە لە شۆناسی ئەسڵی دەخا. لە باسی سەڵتەنەتیش دا هەر ئەوویە. باسی سەڵتەنەت، ئەگەر تاک ناسنامەیی، تاک ئاڵایی، تاک زمانی هەموو ئەوانەی لێ جیاکەیەوە، ئیدی شتێک بە نێوی سەڵتەنەتخوازی مانای نامێنێ. کەواتە، باسەکە لێرە ڕەدکردنەوەی گوتارێکە. کاتێک ئەو گوتارە دێ خۆی پرۆجێک دەکا، کەسانێک دێن دەبن بە نوێنەری، یانی نوێنەرایەتی دەکەن وەکوو

کوڕی شا. ئەمانە عەمەلەن نوێنەری ئەو مەسەلەیەن و ئەگەر حیزبی دێموکرات پەرچەکردای دەبێ، بەو مانایە کە ئێمە لەگەڵ ئەم تەیفانە ناتوانین قسە بکەین. ئەگەر کورت بکەینەوە، ئەوەی لای حیزبی دێموکرات بەرجەستە بۆتەوە ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئەم گوتارەدا کار بکەین. جا هەر کەسێک نوێنەراتی ئەم گوتارە دەکا، فەرق ناکا کوڕی پەهلەوییە و... ناتوانێ هەڵگری ئەم گوتارە بێ کە ئەم بزاڤە یان بزووتنەوەیە دەیەوێ.

بۆیە لێرە دایە کە حیزبی دێموکرات لەگەڵ چەمکگەلی ژێنی و پراکتیکی نوێنەرایەتیی ناکا و کێشەی هەیە. بۆ؟ چون نموونەکەی لە ڕابردوودا دیوە و نموونەکەشی لە وڵاتانی دیکەدا بەردەستە بە مانای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەردەست و بە ڕاشکاوی دەتوانی بیبینی کە ئەنجامەکی چی بووە. بە گشتی ئەگەر کورتی کەمەوە حیزبی دێموکرات و بزاڤی کوردستان بە گشتی لە هێڵێکی زۆر دیاریکراودا ڕاوەستاوە. ئەویش ئەوەیە کە نایەوێ بەرامبەر بە پاونخوازی هیچ چەشنە پاشکشەیەک بکات. ئەگەر پاشکشەیەک بکات ماناکەی ئەوەیە کە دووبارە دەچێتە نێو کایەیەکەوە، دەچێتە نێو مەوقعیەتێکەوە کە دەبێ هەوڵ بدا لە پەراوێز بوون دەربچێ. بەڵام ئێستا ئێمە مەتنێکین و ئەم مەتنە دەبێ قبووڵکەین و ئەم مەتنبوونە دەبێ قبووڵ کەین، کار لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن بتوانین گەورەی کەینەوە و فەزایەکی گەورەتر بۆ خۆمان دروست کەین. وەکوو ئەوەی کە کاک خالیدیش ئاماژەی پێ کرد، پێشتریش کاک مستەفا ئاماژەی پێکردبوو کە ئێمە بەرەو ئەوە دەڕۆین لە ئێراندا کەشێکی چەند جەمسەری بێتە ئاراوە.

**دیاکۆ دانا**: دەستوچاوتان خۆش بێ سپاستان دەکەم بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا

**حیسام دەستپیش**: سپاستان و ئێوەش ماندوونەبن و کاتێکی خۆشتان هەبێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## دوکتور ئیدریس ئەحمەدی: کورد دەبێ سەبری ستراتیژیکی هەبێ، هەڵەی سیاسی دووپات نەکاتەوە و پراگماتیستانە سیاسەت بکا




### بەرایی:

بە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی چەند ئیمپراتوریی گەورە زۆر نەتەوەی بندەستە سەربەخۆییان وەرگرت و بوونە وڵات و دەیان وڵاتی نوێ هاتنەسەر نەخشەی جیهان. دوای شکستی ئیمپراتوریی عوسمانی و دابەشکاریی سەرزەمینەکانی عوسمانی بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس – پیکۆ (١٩١٦) تەنیا نەتەوەی غەدرلێکراو کورد بوو کە نەیتوانی وڵاتی سەربەخۆی خۆی هەبێت. ئەگەرچی لە پەیماننامەی سێڤەر (١٩٢٠) و لە ماددەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤دا ڕێوشوێن بۆ ڕاگەیاندنی ناوچەیەکی سەرەتا خودموختار و دواتر سەربەخۆ بۆ بەشێکی بچووک لە خاکی کوردستان داندرا؛ بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان بە مەیلی کوردەکان نەچووە پێش و لە پەیماننامەی لۆزاندا (١٩٢٣) بە بەڕەسمی ناسینی سنوورە نوێیەکانی تورکیەی نوێ لەلایەن وڵاتانی بڕیاربەدەستەوە دواهیواکانی کورد بە با چوو.

١٠٠ ساڵ لە پەیمانی لۆزان تێپەڕی و لە یەک سەدەی ڕابردوودا پێبەپێی سیاسەتی داگیرکاری و ئاسمیلەکردنی کورد لە نێو چوار دەوڵەتدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، خەباتی شوناسخوازیی کورد و تێکۆشان بۆ دەستەبەری سەروەریی سیاسی لەلایەن کوردەکانەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەردەوام بووە. هەروەها زۆر گۆڕانکاریی نوێش لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا هاتوونەتە پێش کە بەشێکیان لە بەرژەوەندیی کورد و زۆریشیان لەدژی بوون. "کوردستان" بۆ باس و شرۆڤەی زیاتری ئەو بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ دوکتور ئیدریس ئەحمەدی، کارناسی سیاسی و مامۆستای زانکۆ پێک هێناوە.

**دیاکۆ دانا**: بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کۆلۆنیالیزم لە سەدەی بیستەمدا غەدرێکی مێژوویی لە کورد کردووە. ئایا ئەوە جەبرێکی مێژوویی بوو؟ یان بەرهەمی ناپێگەیشتوویی نەتەوەیی کورد؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: بارودۆخی ژیئۆسیاسیی کورد، هەر لەو کاتەوە کە کوردستان بەسەر ئیمپراتووریی سەفەوی و عوسمانیدا دابەش بوو، بە چەشنێک بووە کە ئەگەر کورد تەنانەت لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئاستێکی بەرزی "پێگەیشتوودا" بوایە، ئەستەم دەبوو بەبێ پشتیوانیی زلهێزەکان، بتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. نە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییە و نە لە ڕووی نیزامییەوە، کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمە توانایی ئەوەی نەبوو ئەو دەرفەتەی کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانیی بۆی پێک هات، بقۆزێتەوە. هەڵبەت وڵاتانی کۆلۆنیالیستیی ئورووپا کۆمەڵێک دەوڵەتیان دروست کرد، لەوانە عێراق و سووریە، کە ساختەن و ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ، نەبوون بە "نەتەوە - دەوڵەت". ئەمە جار لە دوای جار لە کەیسی عێراقدا بەرجەستە دەبێتەوە. بەپێچەوانە، بەدەر لە پەیمانی سێڤەر، هیچکات زلهێزەکان پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردییان لە بەرژەوەندی خۆیاندا نەبینیوە و تەنانەت دژبە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد جووڵاونەتەوە.
بەو پێیە، هەم بەربەستی نێوخۆیی و هەم سیاسەتی زلهێزەکان بەیەکەوە دەوریان هەبووە لە ڕێگریی لە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی. بەربەستە نێوخۆییەکان بە نۆری خۆیان، هۆکاری دەرەکیشیان هەبووە. هەڵبەت بارودۆخی ژیئۆسیاسیی کوردستان بە چەشنێکە کە فاکتەری دەرەکی، جا هەرێمی بێ یان جیهانی، زۆرتر شوێندانەر بووە لە سەر چارەنووسی سیاسی نەتەوەی کورد تاکوو فاکتەری نێوخۆیی. سەرەڕای زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی ڕێکخراو و بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و پرۆسەی مۆدێرنیسازیۆن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دەوڵەتی کوردی نەک تەنیا پێک نەهاتووە، بەڵکوو ئاسۆیەکی ڕوونیشی نییە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە ڕووی ژیئۆسیاسییەوە بەزیندوویی لە گۆڕ نراوە و زلهێزەکان داکۆکیکاری "یەکپارچەیی خاکی" ئەو دەوڵەتانە بوون کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

**دیاکۆ دانا**: پێوشوێنی پرسیاری پێشووم لەوە ڕا دەگرم کە ئاخۆ بریتانیا و هێزەکانی هاوپەیمان دژی کورد بوون؟ دیارە نەبوون. ئەوان هاتبوون ئیمپراتووریی عوسمانی بڕووخێنن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابین بکەن و کوردستانیش بەهۆی بوونی نەوت و سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکانەوە پێگەیەکی گرینگی ئەو بەرژەوەندییە بوو. ئەدی بۆچی لەو نێوەدا کورد خرایە نێو دوو بەرداشی پانتورکیزمی کەمالیزم و پانعەرەبیزمەوە؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: سەرکەوتنی نیزامی کەماڵیستەکان لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٢٣ لەو شەڕانەی کە خۆیان بە "شەڕی سەربەخۆیی" ناوزەدی دەکەن، یەکێک لەو فاکتەرانە بوو کە وای کرد لەنێوان پەیماننامەی سێڤەر و لۆزاندا، دەوڵەتی

کوردی لە ئاجێندای زلهێزەکان و بە تایبەت بریتانیادا وەلا بنرێ؛ فاکتەرێکی دیکە ئەوە بوو کە بریتانیا پێویستی بە تورکییە بوو بۆ ڕێگریی لە نفووزی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. لەو پرۆسەیەدا، بریتانیا مەسەلەی دەوڵەتی کوردیی کردە قوربانی بۆ ڕازیکردنی تورکیە. دواتر ئەمریکا درێژەی بە هەمان سیاسەت دا و تورکیە بوو بە کۆڵەکەیەکی ئەساسیی سیاسەتی مەهارکردنی سۆڤییەت لە پاش شەڕی دوویەمی جیهانییەوە.

لە لایەکی دیکەوە، بریتانیا ساڵی ١٩١٩ پەیماننامەیەکی لە گەڵ ئێران واژۆ کردبوو و بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە، بریتانیا پابەند بوو بە پاراستنی "یەکپارچەیی خاکی" پێرشیا (کە دواتر بوو بە ئێران). بەو پێیە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدەبوو بە بەشێک لەو دەوڵەتەی کە بەگوێرەی پەیماننامەی سێڤەر، دەکرا پێک بێ. دیسان دەبێ دووپاتی بکەینەوە کە سیاسەتی زلهێزەکان بڕیاردەر بووە لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی سیاسیی کورددا.

**دیاکۆ دانا**: هۆکارەکان چی بوون کە هەموو وڵاتانی کۆلۆنیالیستی ئەوکات (وەک فەڕانسە، بریتانیا و ئەمریکا) پتر لەوەی بیانەوێ زەرفییەتی بەنەتەوەبوون و بەدەوڵەتبوونی کورد ببینن، هەموو هەوڵیان دەدا لەگەڵ تورکیەی نوێی پاشماوەی عوسمانی هاوپەیمانیی ستراتیژییان هەبێت؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: وەک لە وەڵامی پێشوودا عەرزم کردی، دوو هۆی سەرەکیی هەبوو؛ سەرکەوتنی نیزامیی تورکیە لەلایەک، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیە لەپێناو مەهارکردنی یەکیەتیی سۆڤییەت لە لایەکی دیکەوە.

**دیاکۆ دانا**: ئەسڵەن لە بنەڕەتڕا وەدیهاتنی ئەو چەند بەندەی پەیماننامەی سێڤەر چارەسەری پرسی کورد و بەدەوڵەتبوونی کورد بوو؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: ئەگەر ئەو دەوڵەتەی کە بەگوێرەی پەیماننامەی سیڤەر قەرار بوو پێک بێ، پێکهاتبوایە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەخۆ نەدەگرت، تەنانەت هەموو جوغرافیای سیاسیی کوردستانی باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای ئێستاشی نەدەگرتەوە. بەو پێیە، جێبەجێکردنی ئەو بەندانە مەسەلەی کوردی بە گشتی چارەسەر نەدەکرد.

**دیاکۆ دانا**: لە دوای ئەو مێژووە کورد چەندە خۆی ڕۆڵی هەبووە داگیرکەران بڕیار لەسەر چارەنووسی بدەن و خۆی چەندە بەرپرسیارە لە کەرتبوون و لەتبوونی زیاتری وەک نەتەوەیەک؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: ئەگەر ئەوەمان قبووڵ بێ کە کورد لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە ڕووی ژێئۆسیاسییەوە



سەرچاوە
Serchawe

بەزیندوویی لە گۆڕ نراوە، ئەوجا دەتوانین باشتر لە لەتوپەتبوونی کورد لە ڕووی جوغرافیایی و سیاسییەوە تێ بگەین. کورد بۆ خۆشی ئەو لەتوپەتبوونەی بەرهەم هێناوەتەوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر لە بەشێک لە کوردستاندا یەک هێزی زاڵ بێ یان هێژمۆنی هەبێ، کورد بە گشتی ناتوانێ لەو لەتوپەتییە ڕزگاری بێ. مەگەر ئەوەی دەوڵەتی کوردی پێک بێ کە هەر چوار بەشی کوردستان لەخۆ بگرێ. هەڵبەت فاکتەرگەلێک وەک ئیدئۆلۆژی (لەوانە سۆسیالیزم و ئیسلامی سیاسیی) یان یارمەتی وەرگرتن لە یەکێک لەو دەوڵەتانەی بەسەر کوردستاندا حاکمن دژ بە دەوڵەتێکی دیکە، ئەمانەش هۆکاری لەتوپەتی و شەڕی نێوخۆیی بوون. ئەمانە وێڕای جیاوازیی مەزهەبی، زاراوە و دیاردەی "ناوچەگەرایی" یارمەتیدەری لەتوپەتی بوون لە کوردستاندا، بەڵام ئەو لەتوپەتبوونە و شەڕی نێوخۆیی تایبەت بە کورد نین. نەتەوەی دیکەش بەدەست ئەمانەوە گیرۆدە بووە. ئەوەی کە وای کردووە کورد لە نەهامەتی لەتووپەتی سیاسیی ڕزگاری نەبێ، بارودۆخی ژیۆسیاسیی کوردستان وێڕای نەبوونی پشتیوانی ستراتیژیکە لەلایەن زلهێزانەوە.

**دیاکۆ دانا**: ڕابردوو ڕابرد. بۆ داهاتوو چیمان لە پێشە و وەک کورد دەبێ چی بکەین؟ ئەو ئەزموونانەی کە دەبێ لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان و کارتێکەریی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ داهاتووی خەباتی نەتەوەکەمان وەریان بگرین و دەکاریان بکەین چین؟

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: کورد دەبێ سەبری ستراتیژیکی هەبێ و بە وردبوونەوە لە ڕابردووی خۆی و ئەزموونی گەلانی دیکە، هەڵەی سیاسی دووپات نەکاتەوە و پراگماتیستانە سیاسەت بکا. ئەزموون دەبێ ببێ بە بنەمای سیاسەتکردن، نەک ئیدئۆلۆژی یان فکری باوی تاقی‌نەکراو. کورد زیاتر لە سەد ساڵ ئەزموونی خەبات و سیاسەتکردنی هەیە. ئاسۆی دەوڵەتی کوردی ڕوون نییە، بەڵام لە دوو بەشی کوردستان کورد بەشێک لە خاکی خۆی بەدەستەوەیە و حکومەت دەکا. لەلایەکی دیکەوە، سیاسەتی تواندنەوەی کورد شکستی هێناوە، هاوکات لە هێندێک بەشی کوردستان ناسیۆنالیزمی کورد لە پەرەئەستاندن دایە. گرینگ ئەوەیە کە کورد بتوانێ بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لە دەرفەتی دیکەی مێژوویی کەڵک وەرگرێ. ئەو دەرفەتانە کەم هەڵ دەکەون. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، کورد ئامادەتر و بەتواناترە بۆ قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانە.

**دیاکۆ دانا**: سپاس بۆ ئەوەی کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**د. ئیدریس ئەحمەدی**: ئێوەش سەرکەوتوو بن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ڕزگار ئەمین‌نژاد: ماهییەت و کارکردی حیزبی دێموکرات، سەروەریی سیاسی و مافی نەتەوایەتییە



### بەرایی:

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای نیزیک بە ٨ دەیە خەبات لەپێناو وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و ڕزگاریی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە خەباتی بێ‌وچان و دەریایەک خوێن کە بۆ ئامانجەکانی گەلی گورد بەخشیویەتی، ئێستا هیوای هەرەسەرەکیی خەڵک و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام پرسی نەتەوایەتی لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەدا تاکە تەوەری خەبات و تێکۆشانی حیزب نەبووە. حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە کە باوەڕی بە دێموکراسی و بایەخە جیهانداگرەکان و دەسەڵاتی گەلی و دێموکراتیک هەیە، واقیگەرایانە ئاوڕی لە هەموو پرسەکانی کۆمەڵگە داوەتەوە، پلانی بۆ داڕشتوون، لە سیاسەتەکانی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ کردوون و هەنگاوی پراکتیکی بۆ هەڵگرتوون و تاکەتەور لە داڕشتنی سیاسەتی ئەم حیزبە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بووە. "کوردستان" بۆ تاوتوێکردنی زیاتری کاریگەریی حیزب دێموکرات لەسەر خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، وتووێژێکی لەگەڵ "ڕزگار ئەمین‌نژاد"، نووسەر، لێکۆڵەر و کارناسی سیاسی کردووە.**

**دیاکۆ دانا: کاک ڕزگار، لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی، فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتە. پێتان وایە حیزب دێموکرات لە ماوەی نیزیک بەو ٨ دەیەی دوای دامەزرانیدا چ کاریگەرییەکی لەسەر**

**پەرەپێدانی شۆناسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە؟**

**ڕزگار نەمین‌نژاد**: **کۆمەڵناسیی سیاسی زەروورەتی دامەزرانی حیزب لە ئاکامی دەرکەوتنی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا پێناسە دەکات، ستەمی نەتەوایەتیش یەک لەو کەلێنانەیە، چوونکە پێوەندی بە دیاریکردنی مافی چارەنووسەوە هەیە. ئەمە باسێکی ماهیەتییە، بەڵام کارکردی حیزب بەپێی بۆچوونی ستاین ڕوکان، لە دوو پارامێتری "پارتی- سیستەم و پارتی- کولتوور" دا دەردەکەوێت. پارتی- سیستەم؛ چۆنایەتیی مامەڵەکردنی حیزب لەگەڵ دەسەڵات یا ململانەی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتە و پارتی - کولتووریش تەعامولی نێوخۆیی حیزب و پراکتیکی سیاسی - کۆمەڵاییەتی حیزب دیاری دەکات. لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکرات (١٣٢٤)، باس لە زەروورەتی دامەزرانی حیزب وەک دەرەنجامی هەڵاواردنی نەتەوەیی کراوە و بە دوایدا ڕێکارێکی دێموکراتییانە لە تویێ ٨ ماددەدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد داڕێژراوە. وەک دەبینین ئەو بەیاننامەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: یەکەم باس لە ماهییەتی دامەزرانی حیزب دەکات و دواتر کارکردی حیزب لە ٨ ماددەدا دیاری دەکات. ڕەهەندی پارتی - کولتوور پێوەندیی بەوەوە هەیە کە حیزب تا چەند توانیویەتی کولتوری دامەزراوەخوازی و بەتایبەت ڕێکخستن لە کۆمەڵگەدا سەقامگیر بکات. لە دەیەی ٢٠ لە ئێراندا ئێمە زەمینەی سەرهەڵدانی دامەزراوە سیاسییەکان دەبینین و هەر لەم پێناوەدا دامەزرانی حیزبی دێموکرات وەک وەڵامدانەوەیەکی پۆزیتیڤ بەم ڕەوەندە دێموکراتیکە جێگای تێڕامانە. کاتێ دێینە سەر باسی پارتی-سیستەم، وەک لەم بەیاننامەیەدا دەردەکەوێ، دامەزرانی ئەم حیزبە لەڕاستیدا هەنگاوێکە بۆ تەعامولکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی دیتنەوە چارەسەرییەکی دێموکراتیانە بۆ پرسی دەسەڵات لە ئێراندا. کەوایە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانیەوە لەپێناو سەروەریی سیاسی و پرسی نەتەوایەتی دامەزراوە. بەڵام ڕەهەندێکی پراگماتیکانەش لەگەڵ ئەو حیزبەدا هاتووە کە ستراتیژیی خەباتەکەی بەپێی پوتانسیێلی نەوەکانی کورد دیاری بکات و ئەم تێبینییە توانیوییەتی ئیمتیازێکی واقعگەرایانە بەو حیزبە ببەخشێت. بەگشتی هەم لەباری ماهییەتی و هەم لەباری کارکردییەوە نکوڵی لە کارایی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخەر و بەستێنسازکەری بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئێراندا ناکرێت.**

**دیاکۆ دانا**: **چەپ بوون و پرسی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەمیشە ڕووی ئەمدیوی فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات بووە. بە سەرنجدان بە ڕەوتی مێژوو و ئەو گۆڕانکارییانەی لە نەزمی جیهانیدا هاتوونە پێش؛ چۆن باس لە چەپبوون و چەپمانەوەی حیزبی دێموکرات دەکەن؟**

**ڕزگار نەمین‌نژاد**: **بیری چەپ لە باری تیۆرییەوە تووشی پارادایمشیف هاتووە. هۆکارەکەش ئەوەیە لیبراڵیزم - بە تایبەت لە مەنتقی بازاڕدا- توانیویەتی ببێت بە هەژمۆن لە جیهاندا، بەڵام ئەمە هۆکاری سەرەکی نییە. ئەگەر ئاوڕ لە بزاڤە**

کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم بدەینەوە و بەتایبەت ڕاپەڕینی مانگی مەی ١٩٦٨ وەک دەسپێک لەبەرچاو بگرین، دەبینین ئاراستە و نێوەرۆکی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان "پۆست ماتریالیستین." بە زمانێکی سادە هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان ماتریالیستی نەماوە، بەڵکوو کولتوور و ناسنامە نێوەرۆکی سەرەکیی بزاڤەکانن. ڕوحی ئیگزیستیانسیالیستی لە شەستەکانی زایینییەوە، ئازادیی تاک و پرسی ناسنامەی وەها کانالیزە کردووە کە وێناکردنی دادپەروەری و یەکسانیخوازی بەبێ سەلماندنی ئازادیی تاک نامومکین دێتە بەرچاو. هەر ئەم ڕەوەندەش وای کردووە کە هێزەکانی چەپ ئەمرۆ هەر بۆ داوا سینفی و ماددییەکان خەبات نەکەن بەڵکە چ لەباری تیۆریک و چ لەباری پراکتیکەوە پشتگری لەو بزاڤانەش دەکەن کە بە بزاڤی هۆییەتی ناسراون.

بەپێی تێگەیشتنی من، بیری چەپ لە حیزبی دێموکراتدا هەر لە سەرەتاوە، ماهییەتی کولتووری و ناسنامەیی هەبووە. وابزانم "کورتەباس"ەکەی دوکتور قاسملوو ئەم بۆچوونە باشتر بسەلمێنێت. کە باس لە گۆڕان لە سیستەمی جیهانییش دێتە ئاراوە، دەبێ عەرزتان بکەم، لە ڕاستیدا گۆڕانێکی ئەوتۆ نابینین. ئەو شتەی کە گۆڕاوە، تێگەیشتنی ئێمەیە کە بە هۆی شۆڕشی زانیاری و سۆشیال مێدیاوە توانیومانە بە چاوێکی کراوەترەوە لەگەڵ واقیعی جیهان بەرەوروو ببینەوە. وابزانم بۆچوونی جان مێرشایمێر تا ڕادەیەکی باش دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ شرۆڤەکردنی سیستەمی جیهانی. ئەو باس لە "ستروکتورالْ ڕیالیتی" دەکات و پێی وایە مەنتقی ئەم سیستەمە وەهایە کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەجندا و تەعامولی دەوڵەتان دیاریی دەکات. واتە سیاسەتی نێوخۆیی و نۆرمە مەدەنییەکانی دەوڵەت گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە لە سیاسەتی جیهانیدا بەڵکوو شێوازی تەعامولی دەوڵەتەکان لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتییە کە سیاسەتەکانی دەوڵەت دیاری دەکات. بە زمانێکی سادە عەرزتان بکەم: هەڕەشەیەکی هەتاهەتای لەسەر تەناهی و مانەوەی دەوڵەتەکان هەیە و ئەم دیاردەیە دەوڵەتەکان بەرەو بیری بەهێزبوون پاڵ پێوە دەنێت. مەنتقی هێز لەم تیۆرەدا کۆنتێکستی پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان و هەروەها ڕیفاهی نێوخۆیی بۆ هاوڵاتیان دیاری دەکات. واتە ئیدئۆلۆژی، نۆرمە مرۆییەکان، ئەخلاقی سیاسی و... لە ئەجندای نێودەوڵەتیدا جێگای نییە بەڵکوو هێز تاکە نۆرم و ئەنگیزەیە کە دەبێ دەوڵەتەکان هەوڵی بۆ بدەن. نموونەییەکی سادە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەوەیە بە درێژایی مێژوو ئەو دەوڵەتانە هێرشیان کراوەتە سەر و شکستیان هێناوە کە هێزیان لە کەمی داوە. وابزانم تیۆری ستروکتورالْ ڕیالیزم نەک هەر لە ئاستی نێوان دەوڵەتان بەڵکوو دەتوانین لە پێوەندی نێوان پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەکییەکانیشدا تەتبیق بکەین. هێز لە تەعامولی نێوان پێکهاتە سیاسییەکان و لەنێوان دەوڵەت و ئۆپۆزیسیۆنیش ڕۆڵی سەرەکیی هەیە. لەم سۆنگەوە لەوانەیە چەپ بوون یا لیبراڵ بوون بۆ حیزبێک وەک برەند یا پرستیژ لەبەرچاو بگرین، بەڵام "هێز" چارەنووسی حیزبێکی سیاسی دیاریی دەکات. وابزانم حیزبی دێموکرات و هەروەها حیزبەکانی دیکەش دەبێ بە جیددی ئەم واقیعی ساختارییە بە هەند بگرن و هەم لەباری نەرمامێری و هەم لەباری سەختامێرییەوە لەبیری بەهێزکردنی خۆیان بن.



سەرچاوە
Serchawe

**دیاکۆ دانا:** حیزبی دێموکرات نیزیک بە هەشت دەیەیە پێداگری لەسەر دێموکراسی بۆ ئێران دەکا و لە ئێستاشدا ئێرانی فیدراڵی داهاتووی بە دێموکراسییەکەوە گرێ داوە کە پێویستە لەو وڵاتەدا چێ ببێت. پێتان وایە بە سەرنجدان بە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات ئەوە ئەرکی ئەم حیزبەیە؟ بە ڕوویەکی دیکەدا دەسکەوتەکانی هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە هەشت دەیەی ڕابردوودا بۆ حیزب و گەلی کورد لەو وڵاتە چی بووە؟

**ڕزگار نەمیننژاد:** دێموکراسی کێشە بنەماییەکان چارەسەر ناکات چوونکە بۆ ئەم کارە دروست نەکراوە. بۆ نموونە پرسی نەتەوەیی یەک لەو پرسانەیە کە نەک دێموکراسی چارەسەری نەکردووە، بەڵکوو لە زۆر یەک لە وڵاتان دێموکراسی ڕۆڵی هەبووە لە ئیستیحاڵەکردنی پرسی نەتەوەییدا. بۆ نموونە دێموکراسی بووەتە شمشێری دامۆکلێس لە دەستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا و هەرکات باسی پرسی نەتەوەیی بکەین، لە سەرمان دەدات. گرامشی لە یەکێک لە یاداشتەکانی زیندانیدا باس لە هەژمۆنی دێموکراتیک دەکات و دەڵێت لە وڵاتانی لیبراڵ کرێکارەکان تووشی وەهمی دێموکراتیک دەکەن بەڵکوو لە ڕێگای دەنگدانەوە بە مافەکانیان بگەن، بەڵام ئەو شتەی قەت لە سندووقەکانی دەنگدان نایەتە در، ماف و داوای کرێکارانە. لە سیستەمێکی دێموکراتیدا، بە بۆچوونی گرامشی، تەنیا هەژمۆنی کولتووری لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا و بەهێزکردنی بلووکێک بۆ ئیئتلافی ئەو هێزانەی لەباری ماهیەتییەوە لێک نیزیکن، فۆرم و دەسەڵاتی سیاسی دیاریی دەکات. وەک دەبینین نەفسی شەڕ بۆ ئازادی و ماف لە دێموکراسیشدا کۆتایی نایەت، بەڵام میکانیزم و مێتۆدی شەڕەکە جیاوازە.

ئێمە باوەڕمان بە دێمۆکراسییە، چونکە هیوادارین لە دۆخێکی دێموکراتیکدا کار بۆ هەژمۆنی کولتووری و بلووکبەندییە سیاسییەکان بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشە بنەماییەکان. کەوایە دێموکراسی نابێ ببێت بە بنەمای خەبات بۆ ئازادی و عەداڵەت، بەڵکوو دەبێ وەک قاعیدە سەیری بکەین بۆ لادانی بەربەستەکان. ئێمە کاتێک دەتوانین دێمۆکراسی وەک بنەما بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی یا پرسی هەڵاواردنی جێندەری و هەروەها نایەکسانی کۆمەڵاییەتی بسەلمێنین کە دێموکراسییەکە ئەو ستەمانە و هۆییەتی ئەو پێکهاتانەی چەوساونەتەوە، بە ڕەسمی بناسێت. دێموکراسی بەبێ چوارچێوەیەکی تیۆریک بۆ پێناسەکردنی چەوساندنەوە و هەڵاواردن، نەک کێشە بەرچاوەکانی ئێران چارەسەر ناکات بەڵکوو پرسی نەتەوەیی تا ئاستی کلێشەیی بوون دەبات. مێژووی سیاسی ئێران ئەو ڕاستییەمان پێ دەسەلمێنێت کە دێموکراسی هەمیشە ڕووی لە دیاردەیەکە بەناوی فێتیشی دەسەڵات، واتە گرفت لە دەسەڵاتدا دەبینێت نەک لە ماهییەتی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانیدا. بەداخەوە دێمۆکراسی لای ئەوان سندووقی دەنگدانە، بەڵام دێمۆکراسی لە ڕاستیدا دەبێ لە دوای دەنگدانەوە دەست پێ بکات و دەرفەتێک بڕەخسێنێ بۆ دێموکراتیزەکردنی دێموکراسی، واتە کەمینەش شانسی بوون بە زۆرینەی هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**دیاکۆ دانا**: بە سەرنجدان بە بزووتنەوەی نارەزاییی خەڵک لە ساڵی ڕابردوو و پێگە و ستاتوی ڕێژیم لە ئێستادا، ئەوەی حیزبی دێموکرات نەیکردووە و دەبێ بیکات چییە؟

**ڕزگار نەمینژاد**: شۆڕشی ژینا، لە مێژووی سیاسی ئێراندا بێ وێنە بوو. لەوانەیە لەم وتووێژە کورتەدا نەتوانین بپرژێینە سەر شرۆڤەی ڕەهەندەکانی، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند کاراکتێری ئەو شۆڕشە بکەم کە لە گشت شۆڕش و ئینقلابەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە. ئەم شۆڕشە توانی پاشەکشە بەو ئارکیتایپانە بکات کە هەمیشە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێراندا هەژمۆن بوون، بۆ نموونە پیاوسالاری، دین، ناوەندخوازی، کاریزما، مونیسیزم، باستانگەرایی و بە گشتی بەرگێکی نوێی کرد بە بەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەر ئەو کاراکتێرانەش بوون کە نەک ڕێژیم بەڵکوو بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ کپکردنی دەنگ و پەیامی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کەوتنە خۆ. هەڵبەت ئەو شۆڕشە بەرچاوڕوونییەکەی بۆ ئێمەش پێ بوو، ئێمە بینیمان کۆمەڵگەی ئێران قۆناغێکی تێپەڕاندووە کە لۆتز گوژان پێی دەڵێت "دێمۆگرافیک مێتابولیزم" واتە گەشە و تایبەتمەندییەکانی وچەی نوێ، زەمینە و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەپێی خەون و مەنتقی خۆی دیاریی دەکات. بەڕاستی هەموومان، بە چالاکانی سیاسی و شرۆڤەکار و حیزبەکانیشەوە، پێویستیمان بە کات هەبوو بەڵکوو لە حەقیقەتی ئەو شۆڕشە تێبگەین.

سەرەڕای ئەو ئاماژانە، خاڵێکی وەرچەرخان لەم شۆڕشەدا هاتە دی کە جێگای تێڕامانە و ئەویش بادانەوەی ڕەوتی گۆڕان بوو. ئەگەر جاران ناوەند مەکینەی گۆڕان بوو لە ئێران، ئەمجارە پەراوێز بوو کە ئاراستە و نێوەرۆکی گۆڕانکارییەکانی لە ئێراندا دیاریی دەکرد. ئەم دیاردەیە مەیدانێکی لەبار بوو بۆ مانۆڕی سیاسیی حیزبەکانی کوردستان. بەڵام خەڵک لەنێوخۆی وڵات زۆر دڵگەرم نەبوون بە دەرکەوتنی حیزبەکانمان، بەتایبەت شێوازی هاوپەیمانی و دیالۆگی حیزبەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکی ئێرانی لەو ئاستەدا نەبوو کە خەڵک چاوەڕێیان دەکرد. حیزبە کوردستانییەکان دەبوایە تێکڕا و زۆر لەوە زیاتر پێداگرییان لەسەر داوا نەتەوەییەکانیان بکردایە نەک هەر لەبیری میکانیزمی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بن لە ئێراندا (واتە فیتیشی دەوڵەت). ئەو پوتەنسیێلەی کە لە شەقامەکانی کوردستاندا دەرکەوت، دەیتوانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ناچار بەوە بکات لەدوای ڕێتۆریکێک بگەڕێت بەڵکوو خۆی لەگەڵ داواکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران سازگار بکات. یەکێک لە ئیمتیازە باشەکان بۆ حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کە ڕازی بەو کەیفیەتە سیاسییە نەبوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی خۆی پێ ڕادەنا. بە بڕوای من داکۆکی و پێداگریی حیزبی دێموکرات لەمەڕ "نەتەوەبوونی کورد" وەک پێشمەرج بۆ هاوپەیمانی، لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا وەک ئیمتیازێکی ئەرێنی و کردەوەییەکی بەرپرسیارانە تۆمار دەکرێت.



سەرچاوە Serchawe

(بەشی دووهەم و کۆتایی)

**دیاکۆ دانا**: لە ٧٨ ساڵ تەمەنی حیزبی دێموکرات ئەم حیزبە کەمتر لە ٥ ساڵ بەشێوەی قانوونیی لەنێو خەڵکی کوردستاندا مەجالی تێکۆشان و کاری ڕێکخستنی هەبووە، بەڵام لە بچووکترین دەرفەتەکاندا ناوی حیزب و ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە لە شەقامەکاندا بەرز دەبنەوە. ڕازی مانەوەی ئەم حیزبە و بەتایبەت لەم ڕێگە هەڵەمووت و دژوارەدا بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: گشت پێکهاتەیەکی سیاسی مێژوویەکی هەیە، ئەو مێژووە وێنەییەک لەو حیزبە یا لە بزووتنەوەکە چێ دەکات و وێنەکەش دەبێت بە گێڕانەوە (روایت). وابزانم یەک لەو وێنانەی کە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بە جوانی ماوەتەوە، کۆماری کوردستانە. یازدە مانگ دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لەسەر بەشێکی کەم لە خاکی کوردستان، گێڕانەوەیەکی بەرهەم هێناوە بە تامی ئازادی. ئازادی زۆر گرینگە چونکە پێوەندیی بە کەرامەتی مرۆڤەوە هەیە. ئەم گێڕانەوەیە بە ناخی ئەدەبیاتی کوردیدا ڕۆچووە، کەوتە سەر زاران و وێنەیەکی لە کوردبوون چێ کرد کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ وەک نۆستالێژی و نۆرمێکی سیاسی سەیر دەکرێت. بۆ نموونە جاران کەسێک دەچوو بۆ پێشمەرگایەتی، دەیانگوت وەدوای کوردایەتی کەوتووە. کوردایەتی لەنێو زمانی ئاکادێمیکیشدا، هەم بە ئینگلیزی و هەم بە فارسی وەک خۆی دەکار دەکرێت و بووە بە تێرمێکی زانستی بۆ پێناسەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی. تەنانەت کوردبوون وەک نۆرم و بایەخ لە ژانرە ئەدەبییەکاندا بەرز نرخاوە، بۆ نموونە شێعرەکەی هێمن کە دەڵێت: "وەرە کورد بە و مەکە پەیمانشکێنی." یا لە شەقامەکانی کوردستاندا زۆرمان بەر گوێ دەکەوت کە لە وەسفی کەسێکی دەرووەست و بەئەخلاقدا دەیانگووت فلانە کەس زۆر کوردە. دواتر لە ساڵانی ٤٦-٤٧ دا ڕۆمانسییەتێکی شۆڕشگێرانەش ئاوێتەی ئەو گێڕانەوەیە دەبێت و لە ئینقیلابی ١٣٥٧دا حیزبی دێموکرات بەرهەمەکەی لێ هەڵدەگرێتەوە. ئەو پارانە بەگشتی حیزبی دێموکراتی کرد بە دیاردەیەکی ئەنتەرسەبجەکتیڤ، واتە وەک سووژەیەکی سیاسی لە زەینی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و لەو پرسانەی پێوەندی بە کوردە، ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خولی یەکەمی مەجلیس لە ساڵی ١٣٥٨ ناوی ئەندامانی ئەو حیزبە لە سندووقی دەنگدان دێتەدەر، بۆ وتووێژەکان لەسەر پرسی کورد ئەو حیزبە دەبێتە بەردەنگی ڕێژیم، جێگای ئەو حیزبە لە هاوپەیمانەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشدا دیاریکەر بوو.

ڕەهەندێکی دیکەش هەیە کە وابزانم زۆر گرینگە بۆ ڕەواییدان بە حیزبێکی سیاسی و ئەویش پرەنسیبی نیشتمانییە. پرەنسیپی نیشتمانی لە گوتار و بڕیارە چارەنووسازەکانی حیزبێکی سیاسیدا دەردەکەوێت. حیزبی دێموکرات هەڵە و شکستی

زۆری هەبووە و وابزانم کەس ئامادە نابێت نکۆڵییان لێ بکات، بۆ نموونە لە شەڕی نێوخویی تێوەگلاوە، چەند جار تووشی ئینشیعاب بووە و لەباری ستراتیژیی چەکدارییشەوە هەتا پشت سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاشەکشەی کردووە. بەڵام ئەو شتەی لە مێژوودا تیشکی دەخرێتە سەر، پرەنسیپی نیشتمانی و گوتاری کوردستانی ئەو حیزبەیە. حیزبی دێموکرات لە هیچ قۆناغێکدا وازی لە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی نەهێناوە و بە قازانجی حیزبەکەی، گەمەی بە پرسی کورد نەکردووە. نموونە زۆرن بۆ پیشاندانی وەها پرەنسیپێک بەتایبەت لە دانیشتنەکانی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمدا، لە شێوەی تەعامولی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە و هەروەها لە تەعامولکردن لەگەل حیزبی پارچەکانی دیکەی کوردستان. لەوانەیە گێڕانەوە کاریی هەبێت لەسەر حوزووری زەینیی ئەو حیزبە لە یادەوەرییدا، بەڵام ڕەوایی و قورسایی حیزبێکی سیاسی بەپێی پرەنسیپی نیشتیمانیی هەڵدەسەنگێردرێت.

**دیاکۆ دانا**: پێتان وایە شوێندانانی حیزبی دێموکرات لەسەر بزاوت سیاسی و ناسیۆنالیستیی کورد هەر لە ڕۆژهەڵات بووە، یان پەلی بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هاویشتووە؟

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: شوێندانی بیر یا کولتوورێکی سیاسی، دوو لایەنیە. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە پرسی کورد دیاردەییەکی قاییم بە زاتە لەنێو کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا. سروشتییە کاتێ خەباتی بەشێک لە پارچەکانی کوردستان چالاک بێت، ژیلەمۆی خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەگەشێتەوە. بۆ نموونە کۆماری کوردستان و ئەزموونی حیزبایەتی لە کۆمار وێنەیەکی کارا بوو بۆ دامەزرانی پارتی دێموکرات و هاتنە ڕۆژەڤی ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستان. بە هەمان شێوەش شۆڕشی ئەیلول تا ساڵی ١٣٤٦ گیانێکی نوێی کرد بە بەری چالاکانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم سیکلی کارتێکەرییە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە و بەتایبەت لەو دوو بەشەی کوردستان کە لە زۆر قۆناغدا خەباتەکەیان وەها ئاوێتەی یەکتر بووە کە تووشی چارەنووسی هاوبەش دەبوون، بۆ نموونە هاوپشتیی ستراتیژیکی یەکیەتیی نیشتیمانی و حیزبی دێموکرات لە ساڵانی ١٩٨٠دا و هەروەها چەسپاندنی فیدراڵیزم لە دروشمی ستراتیژیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵانی ٢٠٠٠ دا. وەک دەبینین ئەو کارتێکەرییە هەر لە نێوەرۆکی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دەرناکەوێت بەڵکوو کارکردی سیاسی حیزبی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەگرێتەوە. شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وای کردووە کە پرستیژی سیاسی و پرەنسیبی نیشتیمانیی حیزبەکانی باشووری کوردستان دیاری بکات. هەر ئەم دۆخە وا دەکات کە حیزبەکانی باشوور لە تەعامول لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا هەستیارتر بن. پشتکردن لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمرۆدا نەک ڕیسکێکی گەورەیە بۆ ڕەوایی حیزبی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەنێو جەماوەر و لایەنگرانی خۆیان، بەڵکوو دەبێتە هۆکاری شکستهێنانی عاملییەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین.

**دیاکۆ دانا**: **دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاڤ ڕا و لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. چۆن باس لە ڕەوتی ئەم ئاڵوگۆڕانە لە دروشمی ستراتیژیی حیزبدا دەکەن و بەڕوونی لە ڕوانگەی ئێوەوە چەندە واقعبینانە بووە؟**

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: بەر لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ لە خۆمان بپرسین واقعبینی چییە؟ واقعبینی لای من یانی دۆزینەوەی سینتێزێک لەنێوان ئەو خەونانەی مومکینن و ئەگەری هاتنەدی ئەو خەونانە. بۆ نموونە ئاشتی لە جیهاندا مووومکینە، بەڵام بەرژەوەندیی و ئاڕایشتی زلهێزەکان لە ئێستادا، ئیحتیمالی ئەو ئاشتییە کەم دەکاتەوە. کەوایە دیاریکردنی ستراتیژی و هەروەها تاکتیکی سیاسی حیزبەکانیش لەم مەنتقەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ۱۳۲٤ یەک لەو نموونانەیە، سەرەڕای ئەوە کە دوو خوێندنەوەی جیاواز بۆ واقعی کۆمار هەیە و بەشێک لە توێژەران باوەڕیان وایە کە دامەزراندنی کۆمار ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە و بەشێکی دیکەش پێیان وایە کۆماری کوردستان کۆمارێکی خودموختار بوو- وەک کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت، بەهەرحاڵ هەر دوو حاڵەتەکە لە بەستێنێکدا هاتە دی کە لەو سەردەمەدا هەم مووومکین بووە و هەم ئیحتمالەکەی زۆر بووە.

لە دوای کۆنگرەی دوویەمەوە حیزبی دێموکرات کار بۆ دارشتنی ستراتیژییەک دەکات کە چ لەباری تیۆریک و چ لەباری پراکتیکەوە دەرفەت بۆ عاملییەتی سیاسی حیزب لەنێو گەمەی سیاسی ئێراندا بکاتەوە. بۆیە لە کۆنگرەی سێیەمدا دروشمی ستراتیژیکی حیزب دەبێت بە: «دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان». بەدوای سەرکەوتنی ئینقلاب، دارشتنی چوارچێوەییەکی تیۆریک و گەڵاڵەیەکی حقووقی بۆ خودموختاری دەبێ بە زەروورەت، چونکە داواکە دەبێت بە داوای گشتی لە کوردستاندا. ئەو گەڵاڵەیە کە لەژێر چاوەدێریی باشترین کارناسانی یاسا لە ئاستی ئێراندا ئامادە کرابوو، لەلایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیشەوە پەسند دەکرێت و لەوەش گرینگتر دەچێتە سەر مێزی وتووێژی حیزبە کوردستانییەکان و دەوڵەتی یەکەم لە دوای ئینقلابی ۱۳۵۷. ئێستا ئەو وتووێژانە چ ئاکامێکی لێ کەوتەوە باسێکی دیکەیە، بەڵام مەبەستی من واقعبینیی ئەو گەڵاڵە سیاسییەیە لە کاتی خۆیدا. چونکە هەم مووومکین بوو هەم ئیحتمالی جێبەجێکردنی هەبوو ئەگەر شەپۆلی خومەینیزم لە بەردەم ئازادی و دێموکراتیزەکردنی ئێران نەبوایە بە کۆسپ.

لە کۆنگرەی سێزدەیەمدا "فیدراڵیزم لە ئێرانێکی دێموکراتیک" جێگای دروشمی ستراتیژی پێشوو دەگرێتەوە. ڕێگام بدەن ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەم بژاردەییە بێنمە بەر باس. لەگەڵ ئەوەیدا کە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی بەرەو فازێکی دێموکراتیک بچێت، هەم مومکینە و هەم ئەگەریشی هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە زەرفییەتی ئێرانییەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ داخوازییە دێموکراتیک و نەتەوەییەکان تا چەندە؟ ئەوەی تا ئێستا دیارە، تێگەیشتنی

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی - بە کۆماریخواز و مەشرووتەخوازەوە - لەمەڕ دێموکراسی جیاوازییەکی بنەڕەتیی هەیە لەگەڵ تێگەیشتنی کورد و بەلووچ و عەرەبەکان. مۆدێلی دێمۆکراسی ئەوان سێمولاتیڤ یا بە فارسییەکەی تەقلیدییە و لای پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییەکان کاتالیکە. بەڵام بە زمانێکی سادە عەرزتان بکەم: ئەگەر زۆر خۆشبینانە سەیریان بکەین ئەوان لەبیری دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیکن بۆ دەستەبەرکردنی مافی شاروەندی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ. بەڵام پێکهاتە نەتەوەییەکان دێموکراسی وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ دیارییکردنی مافی چارەنووس. ئەم دوو ڕوانگەیە ناتەبان و ناکۆکییەکان زۆر لەوە جیددیترن کە بتوانێ کۆمان بکاتەوە. کەوایە ئەم دروشمی ستراتیژیکە باز بەسەر بابەتێکی بنەڕەتیدا دەدات بە ناوی دێموکراسی کە ئەگەرەکەی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد زۆر لاوازە و ئەوەی لەو دروشمە ستراتیژییەدا گۆڕاوە، فۆڕمی داخوازییە نەتەوەییەکانە. حیزبی دێموکرات پێوستیی بەوە نییە ڕوانگەیەکی فۆرماڵی هەبێت بۆ دێموکراسی، لە کاتێکدا هیچ کام لە زەمینەکانی یەکسانی بۆ کورد لەئارادا نییە. ئەو دێموکراسییە تەقلیدییە کە ئێرانییەکان پێداگریی لەسەر دەکەن دەبێ لەسەر وڵاتێک تاقی بکرێتەوە کە وەک مارکس دەڵێت پێشمەرجی وەدیهاتنی ئازادی ڕاستەقینە بۆ هاوڵاتیان فەراهەم کراو بێت، کۆتایی بە ڕووکردی کۆلۆنیالیستی هێنابێت و لەوەش گرینگتر دەرفەتی یەکسانیی سیاسی و ئابووریش بۆ هەموو کەس و پێکهاتەیەک لەئارادا بێت. بەڕاستی نابێ پرسیار لە خۆمان بکەین کە لەم دۆخە قەیراناوییەی ئێران و نەبوونی گشت ئەو پێشمەرجانەی باسم کرد، دێموکراسی چی دەگۆڕێت؟ ئێرانییەکان بە گشتی و کورد بەتایبەتی پێویستیان بە پێناسەییەکە بۆ ئێرانی بوون. واتە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی حیزبدا چ ئێرانێکە و مەرجەکانی مانەوەی کورد لەو ئێرانەدا کامانەن. دەبێ ئەم بۆچوونە ڕەخنەگرانەیە لەمەڕ دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی فۆرمولە بکرێت و لە تویێ دروشمێکدا دارێژرێت. کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسی و هەروەها خەڵک بەگشتی چاوەڕوانی وەها بڕیارێکی بوێرانەن بەڵکوو حیزبە کوردستانییەکان خۆیان ساغ بکەنەوە و ئامانج و دروشمێک دیاریی بکەن کە لەگەڵ ڕوح و شعووری نەتەوەیی ئەم نەوەیەدا تەبا بێت و بە دڵنیاییەوە خەڵک بە پانەوە دەچنە پشت وەها بڕیارێک، وەک نموونەکەی خودموختاری.

ئێستا با بێنە سەر فۆرمی داخوازییە نەتەوەییەکان. خودموختاری یا ئۆتۆنۆمی تایبەتمەندییەکی "خۆ-دێتێرمێنیستیانە"ی هەبوو. دێتێرمینەیشن لە ڕوانگەی کانتەوە پێوەندی هەیە بە دیاریکردنی چارەی خۆنووسین واتە قوتاربوون لە چارەنووسی مێتافیزیکی، یا هێزێک کە لە دەرەوەی ئیرادەی تاک چارەنووس دیاریی دەکات. دواتر لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم چەمکە لەلایەن فیتشەر و هایدگێر لە کۆنتێکستێکی سیاسیدا شرۆڤە دەکرێت و دەبێت بە دۆکترینی گەڕانەوە بۆ "خود" و دیاریکردنی چارەنووس لەسەر بنەما زەمینییەکانی زمان-کولتوور. کەوایە خودموختاری پرسی کوردی کرد بە پرسی نەتەوەیەک کە قایم بە زاتی خۆییەتی واتە ماهییەتێکی زاتخوازانەی هەیە. بەڵام فیدراڵیزم ماهییەتێکی ئینتەگراتیڤی هەیە واتە سیستەمێکی وەخۆگرە بۆ یەکپارچە کردن. ئەمە بەشێکی ڕەخنەکانە، یەک لە ڕەخنەکانی دیکە ئامارییە، واتە لە

ڕێفراندۆمێکدا کە بۆ دیاریکردنی فۆڕمی دەسەڵات لە ئێران بەڕێوە بچێت، بڕژاری فیدراڵیزم تا چەند ئەگەری هەیە دەنگ بێنێتەوە؟ کاتێ بەراوردی ڕێژەیی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پارێزگاکان و بەربڵاویی حەشیمەت لە ئێران دەکەین، دەبینین ئەو ئەگەرە زۆر لاوازە. وەک دیارە ئەم دروشمە ڕەهەندی ئیحتیمالاتی لەبەرچاو نەگرتووە کە فاکتۆرێکی بەهێزە بۆ واقعبینی.

گەڵاڵەی فیدراڵیزم کەم کەم خەریکە ماوەی بەسەر دەچێت چونکە ئاراستەی زاتخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی لە گەشەیە. لەم سەردەمەدا دیاریکردنی ستراتیژی بە میکانیزمی دیکەوە گرێ دراوە، بۆ نموونە ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باس لە ماتریسێکی سیاسی دەکات کە زلهێزەکان دایدەڕێژن. بەداخەوە عاملییەتی حیزبە سیاسییەکان کەمتر ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕانی دۆخەکە و ئەو شتەی کە ڕۆڵ دەگێڕێت هێزە و چۆنیەتیی گەمەکردن لەو ماتریسانەدایە کە لە دەرەوەی ئیرادەی بزووتنەوە سیاسییەکانن، بۆ نموونە ڕووداوەکانی سووریە، عێراق، لوبنان و هتد. وابزانم حیزبە کوردستانییەکان دەبێ لەبیری ستراتیژییەک بن بۆ هاوبەشکردنی شەقام، واتە بەشێکی زۆر لە عاملییەتی سیاسی بۆ شەقام بگەڕێننەوە. هەنووکە لە جیهاندا ڕۆڵی حیزب لە ڕێبەریکردنی جووڵانەوەڕا (مۆدێلی لێنین) بۆ نوێنەرایەتیکردن گۆڕاوە بۆ (مۆدێلی دێموکراتیک). حیزبی دێموکرات لە دروشمی ستراتیژیی خۆیدا پێویستە نوێنەرایەتی داواییەکی قایم بە زات بکات و بە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس ڕازی بێت، بەڵام فۆڕمی داخوازییە نەتەوەییەکە دابنێت بۆ ڕێفراندۆمێکی کوردستانی بەڵکوو خەڵک بڕیاری خۆی بدات. وابزانم ئەم ڕووکردە هەم دێموکراتیک ترە و هەم زەمینە بۆ عاملیەتی شەقامیش خۆش دەکات. لە بیرمان نەچێت کە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە ئاکتێڤیستەکان ئاقاری گۆڕانە کۆمەڵاییەتی و سیاسییەکان دیاریی دەکەن.

**دیاکۆ دانا: لە ٧٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەرفەتەکانی بەردەم حیزبی دێموکرات کامانەن؟ هەڕەشەکانی سەر ئەم حیزبە چین؟**

**ڕزگار ئەمین‌نژاد**: هەڕەشە و دەرفەت بەشێکن لە ژین - جیهانی حیزبی سیاسی. واتە حیزب بەرهەمی دەرفەتەکانە و دەرفەتەکانیش بێ کێشە نین. کەوایە دەرفەت لە خۆیدا هەڕەشەیە و لە زۆر حاڵەتدا دەکرێ هەڕەشەکان بکەین بە دەرفەت. حیزبە کوردستانییەکان هەنووکە لە قۆناغێکی هەستیاردان و ئەم دۆخە وا دەکات کە دەرفەت و هەڕەشەکان لە جاران زیاتر بن. ئەم دۆخە هەستیارە پێوەندی بە دو پارامێترەوە هەیە: یەکەم دۆخی ناجێگیری ڕێژیمە و دوویەم پوتانسیێلێکە کە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەست پێ دەکرێت. سەبارەت بە ڕێژیم دەبێ عەرزتان بکەم کە کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە هانا ئارێنت پێی دەڵێت فازی سێیەمی تۆتالیتاریزم. بەپێی ئەم بۆچوونە؛

فـازی یەکەمـی ڕێـژیمە تۆتالیتارییەکـان کـۆدەنگییە، فـازی دوویەم پاکـانە حسـاب و یەکـدەنگ کـردنە و کـاتێ دەزگـای پرۆپاگاندا دەرەقەتی بووژاندنەوەی ئیدئۆلۆژییەکەی نەهات ئەوا ناچارە پشت بە دەزگای سەرکوت و تۆقانـدن ببەستێت، واتە فـازی سێیەم. بەڵام ئەم فـازی سێیەمە پێویستیی بە دەستمایەییەکی بەهێـز هەیە کە ڕێـژیم نییەتـی، هەڵاوسـانی ئابووری لە ئێران و هەروەها پاشەکشەی ڕێـژیم لە ئاست وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و وڵاتـانی دراوسێش شاهیدی بـۆ ئەم بۆچوونە دەدەن. کەوایە ئێـران تووشی قەیرانێکی جیـددی هـاتووە. هەڵـبەت قەیـران هەر شتە عەینییەکـان نین بەڵکوو ڕووکـردی زەینییـش ڕۆڵـی سـەرەکی هەیە لە دەرکەوتنـی قەیـران. قەیـران لە ڕوانگەی ئـانتۆنی گرامشییەوە کـاتێ دێـتە دی کە لە لایەکەوە سیستەمی کۆن و سیاسەتە ناکارامەکانی وڵامدەری داخوازییەکانی نەوەی نوێ نابن و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێژیم بـۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا ڕێ لە هەر چەشنە مۆدێلێکی دیکەی سیاسی دەگرێت. لە وەهـا دۆخێکدا ئەو هێزەی کە ڕۆڵـی دەبێت لە ڕووخاندنی سیستەمی کۆن و ڕێژیمە ناکارامەکەی، ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی یا مۆدێلێکی عەقڵانی نییە بۆ سیاسـەت کردن بەڵکوو قەیرانەکان کۆمەڵگە وەها تووشی بشێویی دەکـات کە بەداخەوە ئەو پێکهاتـانە ڕۆڵـیان دەبێت کە پابەنـد بە ئوسوولی سیاسـی و نـۆرمە مرۆییەکـان نین وەک ئینقلابـی سـاڵی ١٣٥٧. کەوایە قەیرانەکـانی ئێران تەنیـا هەڕەشە نین بـۆ ڕێژیم بەڵکوو بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانییەکانیش هەڕەشەن. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو هەڕەشەیە بکرێت بە دەرفەت؟ تۆماس سپرینگێز پێی وایە قـووڵترین و داهێنـانەترین هـزرە سیاسییەکان هەمیشە لە ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ قەیرانەکـاندا هـاتوونەتە ئـاراوە. ڕەوەنـدی هاتنەئـارای هزرێکـی داهێـنەرانە لە بەرەوڕووبـوونەوە لەگەڵ قەیرانـدا، بە بۆچوونی سپرینگێز، لە تێگەیشتن لە قەیرانەکەوە دەست پێدەکات، دواتر لە کاتی ئانالایزی دۆخەکەدا بیری نوێ لەدایک دەبێت و دواجار لەسەر باشترین چارەسەربی ساغمان دەکـاتەوە. مەنتقی دەروونی ئەم سیستەمە هزرییە پێمان دەڵێت کە ئەرک و بەرپرسیارەتی حیزبەکـان تـا چەنـد قورسە و سروشتییە کە وەهـا سیستەمێکی هزری هەر بە ئەنـدامانی حیزبێکـی سیاسی ناکرێت بەڵکوو پێویستیی بە خوێندنەوەیەکی کارناسانەیە. حیزبی دێموکرات پێویستە پێداچوونەوەیەکی جیـددی بە دێموکراسـی دەروون حیزبیـدا بکـاتەوە بەڵکـوو ئەو ئاستەنگانە لابـدات کە ڕێگـرن بـۆ بەشـدارکردنی نـوخبەی ئاکادێمک لە ئاستی بڕیار و پلاندانانی حیزبدا.

سەبارەت بە پوتانسێلی کۆمەڵایەتیش دەبێ عەرزتـان بکەم کە ئێمە لە کـۆمەڵگەی یەکدەست و نەریتی تێپەڕیـوین بەرەو کۆمەڵگەییەکی فرەچەشن بەڕێوەین کە ئەمە لە خۆیدا مەنتقی مۆدێرنیزمە. وەها ترانسفۆرماسیۆنێکی کۆمەڵاییەتی لە خۆیـدا قەیرانی فرەچەشنیشی لێدەکەوێتەوە و ئەگەر حیزب لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا هەستیار بێت، دەتـوانێ بیکـات بە دەرفەت. لە وڵامی یەک لە پرسیارەکانی بەشی یەکەم ئاماژەم بە تێرمی مێتـابۆلیزمی حەشیمەتی کرد. کـۆمەڵگەی ئێران و بەتـایبەتی کوردسـتان نەوەیەکـی بەرهەم هێنـاوە کە لە زۆر بوارانـدا وەک ئـێمە نـاچن و تەنـانەت ئێمەشیان قبـووڵ نیـیە. ئاسـتی خوێنـدەواری، سـتایلی ژیـان و بەتـایبەت جموجـۆڵە کۆمەڵایەتییەکـان یـارمەتی بەم نەوەیە داوە بەڵکـوو لە پـاڕادایمی



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆشنبیریی تێپەڕن. هەنووکە ڕۆشنبیر نە ئەو ئیعیبارەی جارانی ماوە و نە ڕۆڵ دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانی هزر و بیری نوێدا. ئەو شتەی کارناسانی پەروەردە پێی دەڵێن "دیجیتاڵ لیتەراسی" ئەمڕۆ بەڕادەیەک پەرەی سەندووە کە تەنانەت مامۆستاکانی قوتابخانەش مەرجەع نەماون بۆ فێرکاری و ڕاهێنان. کەوایە نەک ڕۆڵی ڕۆشنبیر بەڵکوو دامەزراوە مەدەنی و سیاسییەکانیش چی دی مەرجەعی زانیاریی و ئاگایی نەماون و سروشتییە کە کۆمەڵگە چاوەڕێی داهێنانی تیۆری نوێ لەوان ناکات چونکە خۆیان لە ڕێگای پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاوە ئاگاداری گۆڕانکارییە هزری و کولتوورییەکان هەن. چاوەڕوانیی نەوەی نوێ لە حیزبەکان، پڕاکتیکێکی سیاسییە کە هەستی هاوچارەنووسیی و وێناکردنی جڤات و پێکەوەبوون بەهێز بکات، وەکوو چۆن تیۆریی کوردایەتی لە ساڵانی ڕابردوودا کردی. کەوایە سەرەتا دەبێ لە زمانەوە دەست پێ بکەین چونکە زمانی ئەم نەوەیە جیاوازیی هەیە لەگەڵ زمانی ئێمە و سروشتییە کە جیاوازیی زمان بە بۆچوونی ویتگێنشتیان دەلالەت لە واقعی جیاواز دەکات. لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینادا ئێمە بینیمان کە لێدوانی بەرپرسانی حیزبی هێندێ جار دژ بەیەک و لە زۆر حاڵەتدا مەودایەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو زمانەی کە نەوەی ئەمڕۆ بۆچوونی خۆی پێ دەردەبڕێت. ئەمە بە ئێمە دەڵێت حیزبەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات پێویستی بە قبووڵکردنی ئەو مێتابۆلیزمی حەشیمەتییە هەیە و لە ئاستی ڕێبەڕایەتی و ڕاگەیاندندا دەبێ هاوسەنگییەک دروست بکات لەنێوان گونجاندن و ڕێکخستنی نەوەی نوێ لە ڕیزی ڕێبەراییەتی حیزبەکەیدا و هەروەها پێداچوونەوەیەک بۆ زمانی دەربڕینی حیزب بکات. زمانێک نەتوانێ وێنەیەکی جڤاتی (جمعی) بخوڵقێنێت، ئەو زمانە کارایی نەماوە. با بە گشت لایەکمانەوە هەوڵ بدەین حیزبی دێموکرات گرفتاری سێندرۆمی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەیەت. دابڕانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەو مێتابولیزمی حەشیمەتییە وای کردووە کە لە ئاستی ڕێبەریدا پیر و لە باری هزرییەوە خۆپارێز و لە باری پراکتیکی سیاسیشەوە کەم جووڵە بن. هیوادارم حیزبی دێموکرات قەت تووشی وەها چارەنووسێک نەیەت، حیزبێک کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵک بە چاوی هیواوە لێی دەڕوانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٣ - ١ی خەرمانانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## دوکتور بابان ئەلیاسی: شۆڕشی ژینا لەلایەک هەیمەنەی کۆماری ئیسلامیی شکاند و لەلایەکی تر پێگەی خەڵکی ئێرانی لە بەرانبەر ڕێژیمدا بەهێزتر کرد



**بەرایی:**

**هەموو چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو بابەتە کۆکن کە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی (ژینا) کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەرەوڕووی زۆر ئاڵنگاری و بەرگژەی جدی کردووەتەوە. ئەم جووڵانەوەیە شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیی چ لە نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەتەواوەتی خستووەتە ژێر پرسیار و بەپێی ماهییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامییش، ئەم ڕێژیمە نە توانا و زەرفییەتی چاکسازی و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکانیدا هەیە و نە خەڵک ئامادەن چیدی متمانە بەو دەسەڵاتە بکەن. "کوردستان" بەمەبەستی تاوتوێکردنی دوا گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران پاش شۆڕشی ژینا، پێگەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و هەروەها ڕۆڵی کۆمەڵگەی جیهانی لە پشتیوانیکردنی خەڵک و ڕێکارەکانی بەرینکردنەوەی داکۆکییەکان لە جووڵانەوەی ئێعترازیی خەڵک دیمانەیەکی لەگەڵ دوکتور بابان ئەلیاسی، چالاکی سیاسی و کارناسی یاسای نێودەوڵەتی پێک هێناوە.**

**دیاکۆ دانا: دوکتور بابان، ساڵێک دوای شۆڕشی ژینا پێگەی کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

**د. بابان ئەلیاسی**: لە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، ئەمە یەکەمجار بوو ڕاپەڕینێکی ئاوا سەرانسەری بتوانێ هەڕەشەی جیددی لەسەر سیستەمی سیاسی لە ئێراندا دروست بکات. ئەم ڕاپەڕینە لەلایەک هەیمەنەی سیستەمی سیاسیی لە ئێراندا شکاند و، لەلایەکی ترەوە پێگەی خەڵکی لەبەرانبەر ڕێژیم بەهێزتر کرد. ئەم ڕاپەڕینە بەپێچەوانەی ڕاپەڕینەکانی تر، بەربڵاو بوو و لە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا ڕووی دا. هەرچەندە لە هەموو شوێنێکی ئێران خۆپیشاندان دەکرا، بەڵام داخوازییەکانی دانیشتووان هەم هاوبەش و هەمیش جیاواز بوون. بۆ نموونە بەپێچەوانەی ژنانی هێندێک لە ناوچەکانی ئێران کە بنەمای داخوازییەکانیان پرسی ماف و ناسنامەی ژنان بوو، بەڵام ژنانی کورد، سەرەڕای ئەوەی لە گشتییەتی خۆیدا داخوازی پرسی ماف و ناسنامەی ژنانیان هەیە، داخوازیی هۆوییەتی و نەتەوەییشیان هەیە. واتە خواستەکان لە چەند بەستێنێکدا هەم هاوبەش و، هەمیش جیاواز بوون.

لە پێوەندی لەگەڵ پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا، دوای زیاتر لە دوو دەیە بێدەنگی، ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە شەهیدبوونی ژینا، کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد و حیزبەکانی جدیتر هێنایەوە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران. دواتریش ڕووداوەکان دەریانخست کە کورد لە ڕۆژهەڵات لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران، ڕێکخراوترن. دیارە ئەوەش بەرهەمی چەندین دەیە خەباتی سیاسیی حیزبەکان و کار و چالاکی ڕۆشنگەرییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێن. لە دەرەوەش، ڕەوەندی کوردی توانی چالاکیی باشی هەبێ و تا ڕادەیەکی باش لە کاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی رابردوودا، حزووری هەبوو. بەڵام ڕەوندی کوردی ئەگەر ڕێکخراوتر بێت، دەتوانی پاڵپشتێکی گەورەتر بێت بۆ دۆزی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات.

**دیاکۆ دانا**: لە ڕوانگەی ئێوەوە گەورەترین کێشە و ئاڵنگارییەکانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا چین؟

**د. بابان ئەلیاسی**: لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دەوڵەتێکی ئاسایی هەڵسوکەوت ناکات. لە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، ڕێژیم هەوڵی هەناردەکردنی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی سیاسیی شیعەی بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە داوە. ئەم سیاسەتە دەرەکییە شەڕەنگێزە، بۆتە هەڕەشەی وجودی بۆ سەر هێندێک وڵات. جگە لەوەش، ڕێژیم شەرعییەتی بۆ سیاسەتی دەرەوەی، لە دژایەتیکردنی لەگەڵ هەر دوو وڵاتی ئیسراییل و ئەمریکا وەردەگرێ. جیا لەوە، ڕێژیم سیاسەتی دەرەوەی لەسەر دژایەتیکردن دامەزراندووە. ئیدئۆلۆژیی میللی- مەزهەبیی شیعەی وەک پۆششێک بۆ بەرەوپێشبردنی ئیمپراتووریی فارس بەکار هێناوە. ئەمەش وای کردووە زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی، ئێران وەک هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات و مەزهەبی سوونە ببینن. ڕێژیم هەوڵی داوە لە بواری دینیدا، مەزهەبی شیعە لە بەرانبەر مەزهەبی سوونە بەهێز بکات و لە ڕێگای تایفیگەرییەوە چ لە نێوخۆ و چ لە ناوچەدا، دەسەڵات لە دەستی دەسەڵاتدارانی

سوونە دەربێنێ. نموونەیەکی دیکە، دروستکردنی میلیشیای ئیدئۆلۆژیکی شیعەیە لە چەندین وڵاتی ناوچەدا وەکوو عێراق، لوبنان و یەمەن کە دژایەتیی سپای فەرمی ئەو وڵاتانە دەکات. ڕێژیم هەوڵ دەدا بە ناسەقامگیرکردنی ئەم دەوڵەتانە شیعە مەزهەبەکانی ئەو شوێنانە دەسەڵات بگرنە دەست.

لەکاتێکدا بۆ ماوەی چەند دەیەیە هاوکێشەکانی ناوچەکە دژایەتیی عەرەب- ئیسراییل بوون، بەڵام لەوساوە کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ هاتۆتە سەر دەسەڵات، بەتایبەتیش لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣، ترسی هەڕەشەی ئیدئۆلۆژی ئیسلامیی شیعە لە دژی وڵاتانی سوونە، بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی عەرەبی پەلکێشی ئاساییکردنەوە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسراییل کردووە. واتە بۆ وڵاتانی عەرەبی، هەڕەشەکانی ئێران و ئیسلامی شیعە مەترسیدارترن هەتا هەڕەشەکانی ئیسراییل.

**دیاکۆ دانا**: بە بڕوای ئێوە شۆڕشی ژینا شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بردووەتە ژێر پرسیار؟

**د. بابان ئەلیاسی**: هەرچەند ئەوە پێوەندیی نێوان وڵاتانە بەرژەوەندی دیاری دەکا و پرسی مەشرووعییەت لە ئەولەویەتدا نییە، بەڵام بۆ ئەو وڵاتانەی پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆیان گرینگە، ئیدی ناتوانن بیانوو بهێننەوە کە لەگەڵ ڕژێمێکی قاتڵ لە ئێران سەروکاریان نییە. وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ساڵانێکە بە بیانووی جۆراوجۆر، جارێک لەژێر ناوی ڕەخنە و گفتوگۆ بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕژێم، جارێک لەژێر ناوی وتوویژ لەگەڵ میانەڕەوەکان بەردەوام ڕەواییان بە وتوێژەکانیان لەگەڵ ڕێژیم داوە. بەڵام، ئیدی ماهییەتی ڕاستەقینەی ڕێژیم، بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە. لایەنێکی دیکەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردوو، دەتوانێ لەسەر داهاتووی سیاسی هەڵبژاردن کاریگەری دابنێن. هەرچەند سیستمی سیاسی لە ئێراندا بەشێوەی دیکتاتۆرانەیە و خامنەیی زۆربەی بڕیارە گرینگەکان دەدات، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێژیم مەشروعییەت وەربگرێت، هەوڵ دەدا هەڵبژاردنی دەورەیی وەڕێ بخات هەرچەند دوور لە پرەنسیپەکانی دێموکراسییە. ڕێژیم چ ئەم بەناو دێموکراسییەی بە دەرەوە دەفرۆشتەوە چ هێندێک لە وڵاتانی دەرەوە، بە بیانووی ئەوەی ئێران نیمچە دێموکراسیە، ڕەوایی دەدەن بە دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئاماژەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە ڕێژیم بەتەواوی چووەتە قۆناغی دیکتاتۆریی ئیسلامی سیاسیی شیعەوە.

**دیاکۆ دانا**: دوکتور بۆچی پشتیوانی نێودەوڵەتی لە شۆڕشی ژینا لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەبوو، هەروەها بۆچی وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتریان هەوڵیان دەدا ئەو شۆڕشە بە نێوەرۆکێکی فێمینستی و لە چوارچێوەی مافخوازیی ژناندا وەرگرن؟

**د. بابان ئەلیاسی**: کاتێک باس لە پشتیوانی نێودەوڵەتی لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" ژینا دەکەین، مەبەستی زۆرتر وڵاتانی ڕۆژاوایە. لە ئاستی مێدیا و خەڵکی ئاسایی، پشتیوانیان لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێران دەکرد. بەڵام، لە ئاستی سیاسیدا، وڵاتانی کاریگەر کە لایەنگری دیموکراسین، وەک ئەمریکا و ئورووپا، پشتیوانییەکانیان تەنیا لە ئاستی ڕاگەیاندندا بوو.

سەبارەت بە پشتیوانینەکردنی ئەو ڕاپەڕینانە، چ لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، ئەم بابەتە لە بازنەی ڕاگەیاندن و سیاسیدا ئامادە بوو. بەڵام بۆ نەبوونی پشتیوانی لە ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێران، هۆکار زۆر هەن چونکی هەر ئێستا لە جیهاندا چەندین ناوەندی ململانێ وەک لە ئەفغانستان، سووریە، ئۆکراین و... هەن. ئێران وڵاتێکی گەورەیە و لە ناوچەیەکی ناسەقامگیر هەڵکەوتووە. ئێرانێکی ناسەقامگیر، دەبێتە سەرچاوەییەکی سەرەکی بۆ ناسەقامگیریی پتری ناوچەکە و تەنانەت ئورووپاش. وڵاتانی ڕۆژئاوا نایانەوێ ڕێژیم بڕووخێ، یان ئەگەریش بڕووخێ نایانەوێ ناوەندەکانی بەڕێوەبەریی دەوڵەت لە ئێران بڕووخێ، لەوە دەترسن پشێوی دروست ببێ. بۆیە ئەوان دەیانەوێ چاکسازی بەبێ ڕووخانی ڕێژیم دروست ببێت. وڵاتانی ڕۆژاوا بۆیان گرینگ نییە کێ دێتە سەرکار، تەنیا دژی بەرژەوەندییەکانیان نەبێ. وڵاتانی ڕۆژاوا بە دوای ئەوەن ڕێژیم ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت. بۆ وێنە واز لە پرۆژەی چەکی ئەتۆمی، پشتیوانی لە ڕووسیە و هەروەها دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بێنێ و پاشان ڕێژیم دواجار ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت.

لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیی ژنان، کوشتنی ژینا نەک هەر پرسی ژنانی لە ئێران یەک خست و دیواری ئێتنیکی و نەتەوەیی لەنێو ئێراندا تێپەڕاند، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی کە ژنانی وڵاتانی دیکە و بەتایبەتی ڕۆژئاوا، هاوسۆزی لەگەڵ ژنان لە ئێراندا دەرببڕن. تا ڕادەیەک، لەنێو ناوەندەکانی دەسەڵات لە دەرەوە، ژنان دەوری سەرەکییان لە داکۆکی لە خۆپێشاندانەکانی ئێران هەبووە. ئەو ئەگەرەش بە هێزە، کە هێندێ لە مێدیا ناوەندگەراکان، ڕاستی خۆپیشاندانەکان چەواشە بکەن، جۆراوجۆریی شوناسی خۆپێشاندانەکان بسڕنەوە و ئەخشی نەتەوەکان لە خۆپێشاندانەکان کەمڕەنگ کەن یان بیسڕنەوە.

**دیاکۆ دانا**: لەگەڵ ئەوەدا کە قەڵاچۆی کوردان و سەرکوتی خوێناوی و سیستماتیکی نارەزایەتییەکان پێچەوانەی زۆر کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیین کە ئێران بۆخۆیشی ئیمزای کردوون، بەڵام چۆن دەکرێ و بە پێی چ میکانیزمێک دەکرێ بکرێنە ئامرازی گوشاری بۆ سەر کۆماری ئیسلامی؟

**د. بابان ئەلیاسی**: نەتەوە یەکگرتووەکان میکانیزمێکی داناوە بۆ کۆکردنەوەی پێشێلکارییەکانی پێوەست بە کوژرانی ژینا و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم. بەڵام، ئێران لەو جۆرە ڕێژیمانەیە کە بەئاشکرا دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و نەزمی



سەرچاوە
Serchawe

جیهانی دەکا. ئێران بۆی گرینگ نییە وەک دەوڵەتێکی یاخی لە قەڵەم دەدرێ و هەروەها ماف و بژێوی خەڵکەکەشی بۆ گرینگ نییە. بەرژەوەندیی زلهێزەکان و هاوکێشە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان وایان کردووە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ وەک ئەکتەرێکی دەوڵەتی نانورماڵ، لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوام بێت. وڵاتانی ڕۆژاوا، هەوڵیان داوە بە گوشار خستنە سەر ئێران، ڕەفتاری بگۆڕن، بەڵام هەتا ئێستا نەیانتوانیوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێژیم دەڵێ بۆی گرینگ نییە وڵاتان و ئۆرگانەکانی داکۆکەر لە مافی مرۆڤ سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا چی دەڵێن، بەڵام بە بەردەوامی لە بە مێدیاییکردن و ئارشیڤکردنی پێشێلکارییەکان و ئاگادارکردنی ناوەندەکانی داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ، ڕێژیم دەخاتە ژێر گوشاری بەردەوامەوە. ئەگەر ڕێژیم لەژێر زەرەبینی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و مێدیاکان نەبێت، چاوەڕوانی کوشت و کوشتاری زیاتری لێ دەکرێ.

**دیاکۆ دانا**: چۆن دەڕواننە ڕۆڵی حیزبە سیاسیەکان لە گەیاندنی دەنگی خەڵک بە کۆمەڵگەی جیهانی؟ دۆخی ئێستا بەرهەمی لاوازیی دیپلۆماسیی ئەم حیزبانەیە، یان دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا؟

**د. بابان ئەلیاسی**: بە گشتی، لە دەرەوە، غەیرە کوردەکان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، چالاکییان لاوازە، ئەوەش هەیە کە سیستماتیک و بەردەوام نییە. بەڵام پارتە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەوەیان هەیە لە دەرەوە زیاتر چالاک بن.

لەکاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆکاری جیاجیا، چالاکیی سەربازی کەمتر و کەمتر بۆتەوە، دەکرێ لایەنە سیاسییەکان لە بواری پێوەندیگرتن و ڕاگەیاندن لە دەرەوە چالاکتر ببن. ڕەوندێکی بەرچاوی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە بوونی هەیە. بەبێ تێچووی زۆر، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، دەتوانن ئەو هێزە چالاکتر و ڕێکی بخەن. عەیبێکی بەرچاوی دیکەی چالاکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە، پرشوبڵاویانە لە کاتی پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتان و ناوەندەکانی دەرەوە. وەک هەیئەت کە نوێنەرایەتیی کوردی ڕۆژهەڵات بکەن، چاوپێکەوتن ناکەن. زۆرجار، نوێنەری چەندین حیزب و لایەنی ڕۆژهەڵات کە چاویان بە نوێنەری یەک وڵات، یان یەک ڕێکخراو دەکەوێ، وادەکات بە جیددی وەرمان نەگرن. باشتر وایە هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە پێک بێت و لە چەندین ناوەندی گرینگی بڕیاردان حزووریان هەبێ.

بزووتنەوەی کورد و جووڵانەوەی ئێعترازیی سەراسەری چۆن دەتوانێ قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لە سۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بکاتە دەرفەت؟ ئەم قەیرانە و هەڕەشانە چۆن دەکرێ بخرێتە خزمەت سەرخستنی جووڵانەوەی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی؟

ڕێژیم چ لەنێوخۆ و چ لە دەرەوە، ڕووبەڕووی قەیران بۆتەوە. دۆخی ئابووری لە نێوخۆ پێوەندی بە سیاسەتەکانی دەرەوەی

ئێران هەیە. تا ئەوکاتەی سیاسەتی دەرەکی خۆی نەگۆڕێ، ناتوانێت قەیرانی ئابووری لەنێوخۆدا چارەسەر بکات. بۆیە لە ئاستی نێوخۆدا قەیرانی ئابووری خراپتر و خراپتر دەبێت. لە ئاستی سیاسیدا ڕێژیم تا دێت ڕادیکاڵ دەبێت و، لە پرەنسیپەکانی دێموکراسی و بەها مرۆییەکان دوور دەکەوێتەوە. ئەو ڕیفۆرمخوازانەی نێو سیستەم کە هەوڵیان دەدا، ئەم ڕێژیمە بمێنێتەوە هێندێ چاکسازی تێدا بکەن، ئەوانیش بەتەواوی پەراوێز خران و ڕێژیم بەتەواوی لە دەستی توندڕەوەکان دایە. بەکورتی ڕێژیم پێداگری لەسەر تێئوکراسی دەکا و، لەسەر خەتی دیکتاتۆری ئیسلامیی سیاسی شیعەیە.

ڕێژیم چ لە بەدیهێنانی دێموکراسی و چ لە دابینکردنی ئابووریی وڵات شکستی هێناوە. تەنانەت وەک وڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەش نییە،کە لانیکەم ژیانی ئابوورییان باش دابین بکات و سەرچاوە نەوتی و گازییەکانی وڵاتەکە بۆ بژێوی خەڵکەکە خەرج بکات. ڕێژیم بەتوندی تووشی گەندەڵی بووە و، لەبەر ئەوەش ڕێژیمێک کە لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی شیعە دامەزراوە، گۆڕانی ئەو ئیدئۆلۆژییە، تەنیا بە گۆڕانی سیستەمەکە موومکینە. لەم قۆناغەشدا، فەزای نێودەوڵەتی بۆ گۆڕینی ڕێژیم لەبار نییە. وڵاتانی ڕۆژاوا کە لایەنگری دێموکراسین، بە هۆکاری جیا جیا،بەرنامەی گۆڕینی ڕێژیمیان نییە. لەلایەکی دیکەوە، وڵاتە زلهێزەکانی وەک چین و ڕووسیەش بەرژەوەندییان لەوەدایە کە ئێران نەچێتە جەمسەری وڵاتانی ڕۆژاواوە و لاوازیش بمێنێتەوە و زۆرجار لە کارتی ڕێژیمی ئێران لەدژی وڵاتانی ڕۆژئاوا کەڵک وەردەگرن.

**دیاکۆ دانا**: ئەدی داهاتووی ڕێژیم و نارەزایەتییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات چۆن دەبینی؟

**د. بابان ئەلیاسی**: سەبارەت بە داهاتووی ڕێژیم، زوو یان درەنگ، نارەزایەتییەکان لە ئێران دەست پێ دەکەنەوە. ڕێژیم ناتوانێ بە زەبروزەنگ لە درێژخایەندا بەسەر ئێرادا حکوومەت بکات. بەگشتی لە ئاستی جیهانیشدا سیستەمە دیکتاتۆرییەکان هەرچی دێت لە پاشەکشەدان و لە بەرامبەردا سیستەمە دێموکراتیکەکان پەرە دەستێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٠٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧٢٥ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ دیاکۆ دانا بۆ ئامادەکردنی دیمانەکان و وەڵامدانەوەی بەشدارانی هێژا.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe